# سۆسیال دیموکرات

IDEAWALA

govaryidea@gmail.com

# ئایدیاوالا ٧

گۆڤارێکی فکرییە،
دوو مانگ جارێک، دەزگای والا بۆ راگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز ..... دەزگای والا

سەرنووسەر ..... ئەنوەر حسێن
a.bazgr@gmail.com
07701535029

جێگری سەرنووسەر ..... لوقمان رەئووف
lukmanraoof@yahoo.com
07701369792

بەڕێوەبەری نووسین ..... هاشم ئەمین

تایپ و هەڵەچن ..... سۆما سالار - باوان عومەر
رەوەز سەعید - نەرمین عەلی

تیراژ ..... (١٠٠٠) دانە

نرخ ..... (٣٠٠٠) دینار

چاپ ..... چاپخانەی کارۆ



## بۆ ئەو نوسەرانەی
## بابەت بۆ گۆڤاری ئایدیا والا دەنێرن

* هەموو بابەتێکی وەرگێڕراو پێویستە دەقە ئەسڵێکەی لەگەڵ بێت.
* زانیاری تەواو لەسەر پەراوێزو سەرچاوەکان بنوسێت وەك( ناوی نوسەر، ناوی کتێب و سەرچاوە، شوێنی چاپ، ناوی چاپخانە، ساڵی چاپ، لاپەرە)
* ئەو بابەتانەی کە گفتوگۆن و وەردەگێڕرێن، یان ئامادە دەکرێن و پێویستیان بە وێنە هەیە، وێنەکانی لەگەڵدا بنێرێت.
* هەموو نوسەرێك ئیمەیڵ و ژمارەی مۆبایلی بنوسێت.
* پێویستە بابەتی لێکۆڵینەوە پێشەکی و ئەنجامی هەبێت.

# بیری سۆسیال دیموکرات

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال**



**دەروازە:**

سۆسیالستی دیموکراتی بریتیە لە ئایدۆلۆژیای سیاسی چەپی ناوەراست .سۆسیالستی دیموکراتی نوێ بزوتنەوەیەکە هەوڵدەدات بۆ ریفۆرمکردنی سەرمایەداری، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بەهاکانی دادگەری کۆمەڵایەتی، سۆسیالیزم بەمەبەستی دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤێك بۆ سیستمی ئابوری سۆسیالستی. سۆسیال دیموکراتی نوێی پراکتیکی هەوڵی گرتنە خۆی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئابووریەکی دیموکرات دەدات، بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی کرێکاران.

لەرووی مێژووییەوە سۆسیالستی دیموکراتی بریتیە لە شکلی گەشەسەندوی سۆسیالیزمی ریفۆرمیست کە بانگەشەی دامەزراندنی ئابوری سۆسیالستی دەکات لە رێگەی ململانێی چینەکانەوە. لەسەرەتای سەدەی

بیستدا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی رەتیانکردەوە بیری مارکسیزم و سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ و ململانێی چینەکان پەسەند بکەن، بۆیە پێیانوابوو سۆسیالیزم دەکرێت جێبەجێبکرێت لە رێگەی ریفۆرمی سیاسییەوە. لە (راگەیاندنی فرانکفۆرت)دا کە لەلایەن سۆسیالست ئەنتەرناسیونال لە ساڵی 1951 راگەیەندرا، تیایدا فۆرمی سۆسیالستی بەلشەفی و کۆمۆنیستی و ستالینی رەتکراوەتەوەو پێداگیری لەسەر پلە بەپلەی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم کراوە.

سۆسیالستی دیموکراتی کە لە دوای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لە ئەوروپا کەوتە بـواری پراکتیککردنەوە بریتی بوو لە جوڵانەوەیەکی سۆسیالستی کە پشتگیری لە بیری (هەنگاو بەهەنگاو – gradualism)ی دەکرد. لە سۆنگەی ئەو بڕوایەی کە ریفۆرمکردنی ئابوری سەرمایەداری هەنگاو بەهەنگاو لە کۆتایدا دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستمی ئابوری سۆسیالستی. لەگەڵ رەتکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕانە بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم. ئەم تێزەش رووبەڕووی زۆر بیری توندڕەوانە بویەوە، لە ناویاندا کۆمۆنیستەکان، کە بیری سۆسیاڵ دیموکراتیان بە ناپاك بەرامبەر بیری رەسەنی سۆسیالیزم تۆمەتبار دەکرد، بەهۆی قبوڵکردنی هەندێك لەبەهاکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، هەروەها بیری سۆسیال دیموکرات بنەما مارکسیەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەوڵەتی سۆسیالستی رەتدەکاتەوە و پێیوایە ریفۆرمی دیموکراتی هەنگاو بەهەنگاو دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی مافەکانی چینی کرێکار.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ماف و ئازادییە نوێیەکان زۆر پارتی سۆسیال دیموکرات دەست بەرداری بیری هەنگاو بەهەنگاوی گواستنەوەی سەرمایەداری بـوون بۆ سۆسیالیزم، لە جێگەشیدا داوای دەوڵـەتـی خۆشگوزەرانی سەرمایەداریان کرد.

رێکخراوی (سۆسیالست ئەنتەرناسیونال– Socialist International SI) تاکە رێکخراو و نێوەندی پارتە سۆسیال دیموکراتیەکانی جیهانە. ئەم رێکخراوە چەند بنەمایەك لەخۆ دەگرێت:

1–ئازادی، نەك تەنها ئازادی تاکەکەسی بەڵکو ئازادی بۆ نەمانی جیاکاری و ئازادی بۆ خراپ بەکارنەهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی سیاسی.

2– یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی، نەك تەنها یەکسانی یاسایی بەڵکو یەکسانی ئابوری و کلتوری لەهەمانکاتدا.

3– هاوپشتی ، هەستی یەکێتی و هاوسۆزی بەرامبەر قوربانیانی ناعەدالەتی و نایەکسانی.

## ڕەگ و ریشەی سۆسیالستی دیموکراتی:

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری سۆسیال دیموکرات دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، بۆ ئەو سۆسیالستانەی هەڵگری بنەما سەرەکیەکانی کارل مارکس بوون، بەڵام دژی ئەوانە بوون بانگەشەیان بۆ یۆتۆپیای سۆسیالیزم دەرکرد. یەکەم کاریش لەسەر سۆسیالیزمی ئەوروپی کە بۆ خوێنەرانی ئەمریکی نوسراوە بریتیە لە (French and German Socialism in Modern Times) کە لەلایەن (Richard T. Ely's) لە ساڵی 1883 دا نوسراوە. بەپێی ئەو کارە داواکارییەکانی سۆسیال دیموکراتەکان بریتین لە :"دەوڵەت پێویستە تەنها بۆ چینی کرێکاران بێت و سەرمایە و خاک موڵکی گشتی دەبێت و بەرهەمهێنانیش لە ڕێگای هەمووانەوە دەبێت و هەستی پێشبڕکێی تاکەکەسی بۆ ئاستێکی زۆر کەم دادەبەزێت."

زۆر پارتی ئەوروپی هەبوو هەڵگری ئەو تێروانینانە بوون لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و روسیا و هەمویان درێژە پێدەری ئەو تێزە بوون تا سەرهەڵدانی تێرمی (کۆمۆنیزم) کەبڕوای بە ڕێبازی شۆڕشگێڕی هەبوو بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم.

## سۆسیالستی دیموکراتی هاوچەرخ:

جوڵانەوەی سۆسیال دیموکراتی هاوچەرخ دابڕنێکی ناوەکی دروستکردوە لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە ڕێبازی شۆڕشگێڕانە هەیە، بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم و ئەوانەشی بڕوایان بە هەنگاو بەهەنگاوی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم هەبوو.

یەکێك لە رابەرە دیارەکانی سۆسیالستی دیموکراتی هاوچەرخ (ئیدوارد بێرنشتاین– Eduard Bernstein)ە، کە پیشتر کەسێکی مارکسی بووەو ئاوێتە بوونێکی زۆری لەگەڵ بیروراکانی مارکس و ئەنگلس هەبوو، بەڵام چەند ناتەواویەکی دیاری لەبیری مارکسیزم دۆزیەوە، بەتایبەتی ئەوبیرورایانەی تایبەت بوون بە ماتریالیزمی مێژوویی. لەگەڵ ئەوەشدا بێرنستین رەخنەی لە چەمکی " کۆتایی نەهاتنی ململانێی چینەکان"ی مارکسیزم و دژایەتی مارکسیزم بۆ لیبرالیزم گرت. ئەو پێیوابوو دیموکراتیەتی لیبراڵی و دیموکراتیەتی سۆسیالستی هەڵگری هەمان زەمینەی هاوبەشن، کە دەکرێت لەڕێگەی یەکگرتنی ئەم دوانەوە " کۆماری سۆسیالستی" دروست ببێت.

دەربارەی ململانێی چینایەتیش، ئیدوارد بێرنشتاین پێیوابوو ناهاوسەنگی

نێوان چینی بۆرجواز و پرۆلیتار دەكرێت كەمبكرێتەوە لەڕێگەی ریفۆرمی یاسایی و ئابووریەوە، هەروەها ئەو دژی چەمكی ماركسی دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریابوو، پێداگیری دەكرد كە ریفۆرمی دیموكراتی هەنگاو بەهەنگاو دەبێتە هۆی دەستەبەركردنی مافەكانی كرێكاران، هەروەها ئەو بروای بەئەوە هەبوو، كە هاوكاری نێوان چینەكان دەبێتە هۆی هێنانەدی سۆسیالیزم نەوەك ململانێی نێوان چینەكان.

ئێدوارد دەنووسێت" سۆسیالستی دیموكراسی نایەوێت كۆمەڵگەی مەدەنیی هەڵوەشێنێتەوە و ئەندامەكانی بكات بە پرۆلیتار، بەڵكو سۆسیالستی دیموكراسی بێوچان هەوڵدەدات ئاستی كۆمەڵایەتی كرێكاران بەرزبكاتەوە بۆ بەهاوولاتی بوون و ئەو هاوولاتیبوونەش بكات بە گەردونی. سۆسیالستی دیموكراسی، نایەوێت كۆمەڵگەی مەدەنیی بگۆڕێت بۆ كۆمەڵگەی پرۆلیتاری، بەڵكو دەیەوێت رێكخستنی سەرمایەداری كۆمەڵگە بگۆڕێت بۆ رێكخستنی سۆسیالستی."

سۆسیال دیموكراتەكانی ئەو قۆناغە بیری ماركسیزمیان رەتنەكردوەتەوە، بەڵكو ئەوان مەبەستیان بوو ریفۆرم لە ئارگومێنتەكانی ماركس بكەن، تا ئەوندە توندو دوژمنانە نەبن بەرامبەر سەرمایەداری، ئەوان پێیانوابوو كۆمەڵگەی سۆسیالیزم بەدەستدێت لەرێگەی گەشەی كۆمەڵگەوە نەوەك لەرێگەی ئەنجامدانی شۆڕشەوە. ئەم تێڕوانینەش كەوتە بەر رەخنەی سۆسیالستە شۆڕشگێڕەكان و ئەوان پێیانوابوو هەموو هەوڵەكان بۆ ریفۆرمكردنی سەرمایەداری شكستیان هێناوە، بە بۆچوونی ئەوان ئەو ریفۆرمیستانە هەنگاو بەهەنگاو گەندەڵ دەبن و لە كۆتایشدا دەبنە سەرمایەدار.

سەرەرای جیاوازی تێروانینی نێوان هەردوو باڵەكەی سۆسیالیزم، بەڵام لەماوەی جەنگی جیهانی یەكەمدا بەیەكگرتویی مانەوەو دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەری روسیا ، سۆسیال دیموكراتەكان بەهەمان ناوەكەی خۆیان مانەوەو سۆسیالیزمە شۆڕشگێڕەكانیش ناوەكەی خۆیان گۆڕی بۆ كۆمۆنیست و بزوتنەوەكەشیان بۆ كۆمۆنیزم.

## سۆسیالستی دیموكراتی دوای جەنگی جیهانی دووەم:

دوای جەنگی جیهانی دووەم، سۆسیال دیموكراتەكان ریكخراوێكیان دروستكرد بۆ نوێنەرایەتی كردنی خۆیان (سۆسیالست ئەنتەرناسیونال– Socialist International (SI)) لە ساڵی 1951 دا، لەراگەیاندنی دەمەزراندندا كە بە(راگەیاندنی فرانكفۆرت) ناسراوە سەرزەنشتی هەریەك لە

سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی بەلشەفی دەکات.

لەمادەکانی (7، 8، 9، 10)ی ئەو راگەیاندنەدا رەخنەی توند ئاراستەی کۆمۆنیزمی بەلشەفی دەکرێت، بەوەی بوەتە هۆی دروستکردنی هەڕەشە لەسەر ئازادی و دادی کۆمەڵایەتی، هاوکات کۆمۆنیزمی بەلشەفی لەڕۆحی مارکسیەت دوور کەوتوەتەوەو بەزۆر دەیەوێت جیاوازی چینایەتی دروست بکات بەمەبەستی سەپاندنی بیرۆکەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا، هەر بەپێی ئەو راگەیاندنە کۆمۆنیزمی جیهانی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ئیمپیریالیزمی نوێ بۆ تێکشکاندنی ئازادی، کۆمۆنیزم بوەتە هۆی دروستکردنی بیرۆکراسی سەربازی و تیرۆری پۆلیس لە ناو کۆمەڵگەدا.

دوای لێکجیابوونەوەی سۆسیالستی دیموکراسی و کۆمۆنیزم لە یەکتری، چەندین لێکترازان و جیابوونەوەی دیکەش لە هەناوی سۆسیال دیموکراتدا روویاندا لەنێوان ئەوانەی بڕوایان بە کۆتایهێنانی سەرمایەداری هەبوو (بەبێ شۆڕش) بەڕێگەی دیموکراسی و پەرلەمانی بەرەو سۆسیالیزم لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە ئەنجامدانی ریفۆرم هەبوو، بەڵام بەمانەوەی سیستمی سەرمایەداری لەپێناو هێنانەدی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بۆ هەموان لەڕێگەی (خوێندنی گشتی و تەندروستی بۆ هەموان و بە میللیکردنی بازرگانیە مەزنەکان... هتد).

سەرئەنجام زۆربەی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان شێوازی دووەمیان هەڵبژارد، کە بوار بەمانەوەی سیستمی سەرمایەداری دەدات لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ دەستخستنە ناوەوەی حکومەت لەهەندێ خزمەتگوزاری گشتیدا. ئەم تێروانینە بە (رێگای سێهەم) ناسراوە، زۆربەی سۆسیال دیموکراتەکان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەرهاتووە، سەبارەت بەئامانجە بنەرەتیەکانیان کە بریتی بوون لە دادی کۆمەڵایەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و کێشە ژینگەییەکان.

## سۆسیالستی دیموکراتی لەرۆژگاری ئەمڕۆدا:

زۆربەی ئەو داوایانەی لەسەرەتای سەدەی بیستدا لەلایەن پارتە سۆسیال دیموکراتەکانەوە داوا دەکران، ئێستا لەلایەن ئەوحکومەتانەی سۆسیال دیموکراتن هاتونەتەدی، زۆربەی پیشەسازیەکان بە میللی کراون، خەرجییەکی زۆر لەلایەن حکومەتەکانەوە بۆ کەرتی گشتی تەرخانکراوە، تەندروستی و پەروەردەی بەخۆرایی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردووە. لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش (کە پارتە سۆسیال دیموکراتەکان

بوونێکی گەورەیان نییە) ریفۆرمەکانیان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لەبەدەستهێنانی بەرنامەی گرنگی پێدانی کەرتی تەندروستی گشتی و بواری پاراستنی ژینگەدا.

هەروەها "رێگەی سێهەم" ی سۆسیالستی دیموکراتی کە گرنگی بەکەرتی تایبەت و کۆنترۆڵی سنورداری حکومەت دەکات لەلایەن زۆر کەسایەتی و پارتی ناودارەوە پەیرەوی لێکراوە، بۆنمونە پارتی کرێکارانی بەریتانیا بەسەرۆکایەتی تۆنی بلێر.

ئایدۆلۆژیاکانی بیری سۆسیالستی دیموکراتی:

بەشێوەیکی گشتی بیری سۆسیالستی دیموکراتی پشتگیری ئەمانەی خوارەوە دەکات:

·ئابوری تێکهەڵکێش کە پێکدێت لە تێکەڵکردنی هەردوو بواری تایبەت و گشتی بەتایبەتی لەبوارەکانی پەروەردە، تەندروستی گشتی، گرنگیدان بەمندال، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.

·زەمانەتی کۆمەڵایەتی بەئامانجی پاراستنی هاووڵاتیان لە هەژاری لەکاتی لەدەستدانی کار ، نەخۆشی ، خانەنشین بوون.

·هەبوونی چەند دەزگایەکی حکومی بۆ پاراستنی مافی کرێکاران (کەرتی گشتی و تایبەت) ، پاراستنی مافی بەکاربەر، پاراستنی کێبرکێی شەریفانەی بازار.

·ژینگەپارێزی و بوونی یاسای پاراستنی ژینگە، یارمەتیدان لە دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی وزە، کە ئامانج لێی پاراستنی گەرمبوونی گۆی زەوییە.

·سیستمی باج وەرگرتن بۆ یارمەتیدانی خەرجییەکانی حکومەت.

·سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی و عەلمانی پێشکەوتوخواز.

بازرگانیەکی عادیلانە لەناو بازاڕی ئازاددا.

·فرە کلتوری.

·داواکردنی مافەکانی مرۆڤ ، مافە کۆمەڵایەتییەکان ، مافە مەدەنییەکان ، ئازادییە مەدەنییەکان.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# چەمك و مێژووی سەرهەڵدانی سۆسیال دیموكرات

**لە عەرەبییەوە: ئەحمەد سەعید**

سەرەتاو بنچینەی سۆسیال دیموكرات لەساڵی (1889) سەرهەڵداوەو لەو كاتانەشدا پێیدەگوترا نێونەتەوەیی دووەمی، بەدەرلەمە هەندێك سەرەتاكەی دەگێڕنەوە بۆ ساڵی(1848)، كە ئەمەش هاوكات لەگەڵ مێژووی شۆڕشەكانی ئەوروپا، كە شۆڕشی فەرەنسا كاریگەری هەبوو لەسەری و تیایدا شانیشی رووخاو كۆماریی جێگای گرتەوەو كۆیلایەتی نەما، سۆسیال دیموكرات گەلێك ناوی جیاوازی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا بە(سۆسیال‌و دیموكرات)ناونراوە، لە بەریتانیا بە(سۆسیالی فابی) ناونراوە، بەڵام لەفەرەنسا بە(ئەلگۆی سۆسیالی)ناوبراوە. لەباشوری وڵاتانی جیهانی سێیەم هەوڵەكان لەپێناو رێگەیەكی مام ناوەند چڕ ببوونەوە لەنێوان پارتی سێ دەوڵەتانی جیاوازدا، ئەوانیش(سۆسیالی روسی‌و براكانی، یان پارتە سەرمایەدارەكانی ئەوروپای رۆژئاوا، یان وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا)، بەڵام لەعیراق بیری سۆسیال دیموكراتی لەسیەكانی سەدەی بیستەم باسی لێوەكراوە.

گومانی تێدا نییە سۆسیال دیموكرات لەدوای ئەوەی كە گەلێك دەسكەوتی بەرچاوی لە وڵاتانی ئەوروپا بەدیهێنا، ئیدی گرنگی زۆری پێدرا، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئەسكەندەنافیەو وڵاتانی ئەمریكای باشور، بەشێوەیەك كە بیری چەپ بەتەواوی باڵی كێشابوو بەسەر بەشێكی گەورەی ئەوكیشوەرەدا.

لەبارەی ئەوەی سۆشیال دیموكرات چیە؟ ئەمە پرسیارێكە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە لەلای ئەو كەسانەی كە گرنگیدەدەن بە بواری گۆرانكاری‌و پێشكەوتن، هەرچەندە ئەمە پرسیارێكی زۆر ئاڵۆز نییە وەك لەلای هەندێ كەس وایە، پاش ئەوەی كۆمەڵگە بەو چەرمەسەریانەدا تێپەڕی لەسایەی رژێمە سەر كوتگەرەكاندا، كە هەموو مافەكانی پێشێلكردبوو، دنیایەك ئەركی

پێ سپاردبوو، بۆیە ئەم پرسیارەی لەڕووی مرۆیی بوونیەوە لەلادروست بوو، مرۆڤیش هەمیشە دوای داد پەروەری دەکەوێت، بەڵام بە تەنهادادپەروەریش لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە و کەرامەتی بۆ دەگێڕێتەوە. سەرئەنجام سۆسیال دیموکرات ئەو تێزە فیکریە جیهانیەیە کە لەسەر دوو بنەما وەستاوە.

بنەمای یەکەم: ئامانجی ئازادی مرۆڤە لەڕێگەی دابینکردنی ئازادیەوەو دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی فرەیی، کە هاوبەشی لە خۆ بگرێت، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە بۆ دەسەڵات کە هەموو تاك و ڕەویەکی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە، لەلایەن دەسەڵات و تاك و چین و تاك حیزبەوە، دارشتنی ڕژێمێکی پەرلەمانی، کە پشت بە دەستور ببەستێتو هەرسێ دەسەڵاتەکانی، (بڕیاردان، جێبەجێکردنو دادوەری) لەیەك جیابکاتەوەو دەوڵەتێکی شارستانی دیموکراتی بنیادبنێت، دەوڵەتێك کە دەوڵەتی هاووڵاتیانو دامودەزگاو سەروەری یاسا بێت.

–بنەمای دووەم: ئامانجی ڕزگاری مرۆڤە لەڕووی کۆمەڵایەتیو ئابوری و ڕاگرتنی تەرازوی نێوان پێداویستییە مادی و ڕۆحیەکانی مرۆڤ و ڕاگرتنی تەرازوی نێوان بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك کە گیانی دادپەروەری و یەکسانی بەرێوەی ببات . لەسەر ئەم بنەمایە سۆسیال دیموکرات ڕێکەوتنێکە لەنێوان سۆسیالی لەلایەك و دیموکراتی لە لایەکی ترەوە، کە بەرپەرچی توندوتیژی و سەرکوتگەری چینایەتی دەداتەوەو بانگەشە بۆ گەشەسەندنی ئاشتیانەی پلە بە پلە دەکات.

## سۆسیال دیموکرات و یەك مەرکەزیەت:

ئەگەر ئێمە خۆمان بە وانە دابنێین کە باوەرمان بە بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات هەیە لەجیهاندا، ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بە هەرشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ هەموسیاسەتەکانیدا دێینەوەو پیادەی دەکەین، چونکە شوێنکەوتەیی سیاسی شوێنی نابێتەوە لە سایەی سۆشیال دیموکراتداو ڕێکەوتنو کارکردن بەوەی کە هەرپارتو بزوتنەوەیەك تایبەتمەندی ناوخۆیی خۆی هەیە کەوەڵامدەداتەوە بە پێداویسیتیەکانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاینی و شاستانی هەرلەم ڕوانگەیەشەوە دەست بە ناسنامەی شارستانی، خۆمانەوە دەگرین.

ڕەگوریشەی سۆسیال دیموکراتی لە بنەچەی بیری ناوخۆیدایە، کە ناسنامەی نەتەوەی دەردەبڕێت، لەگەڵ تایبەتمەندیە کۆمەڵگەییەکان لەلایەكو

گەشەپێدانی پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ سۆسیالستەکانی تردا بەگەڕانەوە بۆ مێژووی تێکۆشانە مرۆڤایەتیە هاوبەشەکان لەلایەکی ترەوە، لیرەدا ئاماژە بەوە دەکەین، کە پێداگرتنمان لەسەر تایبەتمەندی، مانای ئەوە نییە کەبەر بەو ڕێگایانە ناگرین کەهەندێك سوسیالی ئەوروپی کاتێك بوون بە ئامێرێکی جەنگ، لە پێناو بەرژەوەندیو پلەی نیشتمانی، یان لە پێناو باڵادەستیدا گرتویانەتە بەر کەلەم بارەدا کەوتنەناوچوارچێوەی رەگەز پەرستیەوە

## سۆسیال دیموکرات لە نێوان ڕەسەنایەتیو هاوچەرخی دا

سۆسیال دیموکرات بریتیە لە نوێکردنەوەی ڕەسەنایەتی، نەك بەداسەپاندنی فەلسەفەکانو سیاسیەتە لیبراڵیە نوێیەکان لەناو بزوتنەوە چەپە جیهانیەکاندا، بەڵکو بەهۆی دەستگرتن بەبنەمای مرۆڤایەتیەوە کە دیموکراتی جیهانی بنیاتی دەنێتو لەگەڵ سیاسەتو کلتورو شارستانیەت دا دێتەوە، بزوتنەوەیەکی هەڵە چینو چاوپیاخشاندنەوە بەسەر ئیشتراکیدا هات بەشێوەیەکی گشتی کەدەبوو ڕووبەڕووی دوو بەرەی دژبەیەك ببوایەتەوە، نوێبوونەوە بەبێ سۆسیالیستییەکەیان سۆسیالیستی بەبێ نوێبوونەوە، ئەوانەی کە سۆسیالیستی بوونو بەرەو ڕووی نوێبوونەوە کەوتنەڕێ، چونکە پێیانوابوو نوێبوونەوە، وەلامدەرەوەیەکی هزریە بۆ بانگێشتی ئایندە، سەرئەنجام بەرەو ڕووی سۆسیال دیموکرات بوونەوە.

ئەگەر ئەم ڕەوتە سۆسیالستە پارتە ئەورپیەکان دەستیان پێکردبێت، ئەوا سەرئەنجام چاکسازیو هاوهەڵوێستیان دەستگیربوو لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستیەکانی جیهاندا، چونکە:

1- وەلامدەرەوەی پێداویستییە مرۆڤایەتیەکان بوو،بەهێندەی وەلامدەرەوەی پێداویستییە کۆمەلایەتیو ئابورییەکان وەدەرکەوێت کە دیموکراتی کلیلی پێشکەوتنە.

2- جلەوی گەشەسەندنی خێرایی مرۆڤایەتی گرتو لە هەمانکاتدا پێداگربوو لەسەر پاراستنی پێگە کۆمەلاتیەکان، کە بە تێکۆشانی چەندین ساڵە بە دەست هاتبوو.

3- بەشێوەیەکی هێندە بالا لەبەرچاوگیرا، کە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی نەتەوەکاندا بێتەوەو ڕێز لە فەرهەهەنگیان بگرێت و وبکرێتە بزوێنەرێك ڕووەو نوێبوونەوەو پێشکەوتن.

ئەگەرسەرنجبدەین ئەم ئاڵوگۆڕانە لە گەڵ ئەوپێشکەوتنە زانستیانەو جیهانی عەولەمەدا کەوایکردووە جیهان ببێتە گوندێکی گەردونی، ئەوا

ناکرێت بە ئاسانی هەست بەئاڵوگۆڕەکانی نەکرێت. دامو دەزگا ئەکادیمیو مەعریفییەکان، کەلە هەندێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاردەکەن ئەمڕۆ باس لەوەدەکەین، نەك لەکۆمەڵگەیەکی زانیاری کە هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە وەریبگرینو تێیانپەڕاندووە، باس لە کۆمەڵگەیە مەعریفی دەکات کە کەڵەکەبوونی جەندایەتی لێشاوی زانیاری دروستیکردوە.

ئایا ئێمە لە کوێی کۆمەڵگەی زانیاریداین، سۆسیال دیموکرات لەسەر ئاستی جیهان سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیو توانی بیمەی تەندروستیو کۆمەڵایەتی بگەیەنێتە کەرتە میللییەکان بە شێوەیەکی فراوان، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە پارتە سۆسیال دیموکراتەکان بەڕێوەی دەبەن.

سۆسیال دیموکراتی ڕێگایەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەو خستنەگەڕی ئابوری، لەپێناو گەل دا، بەگشتی ڕێکخەرێکی ژیانو شێوازێکی کاری دیموکراتیو کۆمەڵایەتیە، لە هەمانکاتدا، لەگەڵ ئەوەی پیادەکردنێکی ڕامیاری کاریگەرە.

بیری گۆڕانکاریو گەشەسەندنی جیهانی لە بەرچاو گیراوە، هاتنەوەی لەگەڵ نوێگەری سەردەم دا، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا بەهیچ شێوەیەك ئەو پێگە کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕامیاریان پشتگوێبخرێت، کە چینی ستەمدیدە بە دەستیهێناوە، لەمیانەی چەندین ساڵی تێکۆشانیدا.

دەبێت ئەوەش بخەینە ڕوو، کەلە کاتێکدا سۆسیال دیموکراتی پێدادەگرێت لەسەر ناسنامەی نیشتمانیو نەتەوەیی و چەسپاندنی یەك کۆمەڵگەیی، لەهەمانکاتیشدا دژی مەرکەزیەت و توندڕەوی دەوەستێت، کە مافی لایەنەکان و نەتەوەکان ئیرادەیان پێشێلدەکات.



**سەرچاوەکان:**

1–فریدرهیپ، الدیمراطی الاجتماعی، هیراڵد،(شیکاعن)،1989

2–فرید هیپ، تاریخ موجز للاشتراکیە فی امریکا، 1989

# ئێدوارد بێرنشتاین و سۆسیال دیموکراسی

**لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی**

ئێدوارد بێرنشتاین، لە 18ی دیسەمبەری 1932 لە تەمەنی 82 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە دەبێ گۆڕان لە بنەماکانی مارکسیزمدا بکرێ، بۆیە تا کاتی مەرگی کۆمۆنیستەکان بە کەسێکیان دەزانی کە لە بۆچوونی مارکسیتی لایداوە.

بێرنشتاین، ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانی ، سەرەتا بە تەواو مانا لایەنگری مارکسیسزم (سۆسیالیزمی زانستی) بوو، سۆسیالیزمی زانستی بە تەنها ڕێگای ڕزگاری مرۆڤەکان لە دەست هەژاری، شەڕ، خەم و وێرانی دەزانی و لەبەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، نەیتوانی لە ئەڵمانیا درێژە بە کاری ڕۆژنامەنوسی بدات، هەر بۆیە چووە بەریتانیاو بۆ ماوەی 21 ساڵ لەوێ درێژەی بە کاری ڕۆژنامەنوسی دا. بە لەبەرچاو گرتنی دەروونناسی مرۆڤ، بێرنشتاین دواتر بەشێك لە بنەماکانی مارکسیزمی بە نازانستی زانی و دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی سۆسیال دیموکراسی (Der Sozial Demokrat)

یەکێکە لەو خاڵانەی کە ببووە هۆی جیاوازی بۆچوونەکانی بێرنشتاین لەگەڵ مارکسیسزم ئەوە بوو، کە بێرنشتاین لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە نابێ چینی مامناوەند لە کۆمەڵگە بسردرێتەوە، ئەو ئەنجامەی کە لە چیندا لە ئەزمونێکدا لە ساڵی 1982ەوە دەستیپێکردوەو بوو بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی تریش لە حیزبە کۆمۆنیستەکانی دنیا لەبەرچاوی بگرن و باوەڕیانهێناوە بەوەی کە بینای سۆسیالیزم دەبێ ئارام ئارام، دەستپێکات و دەست پێکەکەی لە سۆسیال دیموکراسییەوە بێت.

خاڵێکی تری جیاوازی بۆچوونەکانی بێرنشتاین لەگەڵ مارکسیسزم ئەوەبوو، کە بێرنشتاین لە سەر ئەو باوەڕە نەبوو کە کەپیتالیزم بە هۆی

ناکۆکییە دەرونییەکانیەوە دەروخێ. بەپێی گریمانەی بێرنشتاین، چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگەیەك سەرەتا دەبێ ئاگا بکرێتەوە، گەشە بکات و لە درێژ ماوەدا ببێ بە قورسایەکی سیاسی و لە رێگای دیموکراتیکەوە بگاتە دەسەڵات، یان ئەوەی ببێ بە هێزێکی گەورە لە دەسەڵاتداو لەم شوێنەوە هەوڵبدات بۆ رووخانی بونیادەکانی کەپیتاڵیزم. ئەو کاتە سۆسیال دیموکراسی دەستپێدەکات و دواتر هەنگاو بە هەنگاو، سۆسیالیزم جێگای دەگرێتەوەو لە رەوتی رەتبوون لە قۆناغەکاندا دەبێ ئاگاداری ئۆپۆرتۆنیستەکان بێن، کە دەست نەخەنە ناو کارەکانەوە، چونکە هاتنیان و بەشداریکردنیان رەوتی گەشە بە لارێدا دەبات (دەیان ساڵ دواتر شکستی سۆسیالیزم لە سۆڤیەت و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، راستبوونی مەترسیەکەی بێرنشتاینی خستە روو، کە بەردەوام ئاگاداری دەکردنەوە نەوەك ئۆپۆرتۆنیستەکان بتوانن هێزی دەستتێوەردانیان ببێت. یەکێ لەو نموونانەی ئەو دەیهێنێتەوە بەم شێوەیە، راوچی لێزان سەرەتا راوەکەی خۆی ماندوو دەکات و کوشتنی نێچیری ماندو کارێکی ئاسانە، بەڵام دەبێ ئاگادار بین لەم هەلو مەرجەدا هەر تاك و گروپێك دەیەوێ راوبکات. دەبێ ئاگاداری هەل پەرەستەکان بین.

بێرنشتاین لە سەر ئەو باوەرەیە تەنها بە هاتنە مەیدانی هێزی کرێکار لە ناوەندەکانی دەسەلاتدا، ناتوانین بینای کەپتاڵیزم بروخێنین، بە شێوەیەك کە نەکرێ دروست بکرێتەوە. دەبێ هاوکات کارە خراپەکان تایبەتمەندییە خراپەکانی کەپتاڵیزم بۆ ئەو خەڵکانە ئاشکرا بکەین کە ئاگادار نین، بۆ ئەوەی رەگەکانی کەپتاڵیزم لە زەینی خەڵکدا بسرینەوەو بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە رووناکبیرانە. کەوایە لەم رەوتی خەباتەدا پێویستمان بە چینێکی رۆشنگەرە لەوانە رۆژنامەنوسەکان،نوسەرەکان بە تایبەت چیرۆکنوسان کە خەڵك قسەیان لێوەردەگرن، دەرهێنەرەکانی سینەماو شانۆ.

بێرنشتاین دەوری رووناکبیرەکان (نوسەر، رۆژنامەنوس، هونەرمەند، مامۆستا) لە وێرانکردنی بینای کەپتاڵیزم و داگیرکاری و هەر چەشنە بونیادێکی زاڵم کاریگەرتر لە هەر هۆکارێکی تر دەزانی و وێرانکردنی ئەو بونیادانە بە قەڵەم ، نوسین و هونەر بە شێوەی کە دروست ناکرێنەوە، چونکە نوسراوەکانی و دەربرینەکان لە زەینی خەڵکدا دەمێننەوەو دەیانکەن بە دوژمنی هەتاهەتایی زاڵمان و بۆرژواکان. بە پێی بۆچوونی بێرنشتاین، کتێبی وتارێکی بە بەڵگە شانۆیەك و دیمەنێك و تەنانەت کۆپلەیەك شیعر، یان کاریکاتێری دەتوانێ کۆمەڵگەیەك بگۆری و ئامادەیان بکات بۆ قبووڵکردنی هەر چەشنە گۆرانێك. بێرنشتاین لە شیکردنەوەی ئەم بۆچوونەی خۆیدا دەڵێت

“تا چینی زەحمەتکێش نیگەرانی دابینکردنی بژیوی رۆژانەی بێت و ئاگاداری داهاتوو و مافەکانی خۆی نەبێت و نەرواتە کۆڕ و جیهانی نوسین و تریبۆنەوە، ناتوانێ هیوای بە سەرکەوتن هەبێت. نابێ بکەوینە شەڕ لەگەڵ چینی مامناوەندی کە لە باری ژمارەوە زیاترە لە هەموو چینەکانی تر، چونکە بە بێ یارمەتی وەرگرتن لەم چینە سەرکەوتنی چینی زەحمەتکێش و چەوساوە بێ ئەگەرە، چونکە چینی بالادەست هێزی سەرکوتی زەحمەتکێشەکان لە چینی مامناوەندەوە بە دەست دێنێ، بێگومان بەبێ بوونی وەها هۆکارێ ناتوانێ درێژە بە دەسەلاتی خۆی بدات.

بە واتایەکی تر چینی سەرەوە کە پارێزەری کەپتالیزمە بە ئەسپی چینی مامناوەند غار دەکات، کەوایە تا چینی مامناوەند کە لە دوو چینی تر زانست، لێهاتوی و کارامەیی زۆرترە، کارەکانی چینی یەکەم لە رێگای ئەوەوە بەرێوە دەچێ، تا دڵنیا نەبێت بە رووخانی کەپتالیزم بەرژوەندییەکانی لە دەستنادات، ئەستەمە بە تەواوەتی بکەوێتە خزمەت چینی زەحمەتکێشەوە، کەوایە هەر سۆسیالیست خوازێك دەبێ چینی مامناوەند بۆ لای خۆی رابکێشێ و ئەنجامی ئەم کارە سۆسیال دیموکراسییە، واتە رێگای قەد بڕ، کە دوای ئەوەی هێزی پەیداکرد ناچارە بەرەو سۆسیالیزم بجولێت، چونکە وەها شۆڕشێك دەیەوێ هەموو شت بە خێرایی بگۆڕێ و بۆ پێشکەوتن هیچ شتێك نامێنێتەوە، چونکە شۆڕشیەکان بە بێ هەبوونی ئەزمونی پێویست، دەیانەوێ خۆیان دەسەلات بە دەستەوە بگرن، دەبن بە هۆی پەژیوانی و نارەزایەتی جەماوەرو لەم هەلومەرجەدا بۆ پاراستنی سیستم، دیکتاتۆری سەربازی، یان هەر شێوەیەکی تر جێگای دیکتاتۆری پرۆلتاریا دەگرێتەوەو جەماوەری خەڵك خۆزگە بە رابردووەوە دەخوازن. بێرنشتاین بەم بەڵگاندنانە بەو ئامانجە دەگات بە جێگای شۆڕش دەبێ هەوڵی گۆران بدەین.

بێرنشتاین ئامادە نابێت هیچ شتێ دەربارەی یۆتۆپیا ببیستێ. ئەو دەڵێ ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ گۆرانەکان بەرەو سۆسیال دیموکراسی و گەشە، ئاستی تێگەیشتن و زانیاری خەڵك نەرواتە سەر، ئەوا سەرکەوتن بەدەست نایەت.

بێرنشتاین لە یەکێك لە وتارەکانیدا دەنوسێت ((نابێ دڵ بە شۆڕشێکی رەها خۆش بکەین، دەبێ بە شێوەی دیموکراتیك و لە رێگایەکی ئارامەوە دەسەلات لە کۆمەڵگە بگرینە دەست. دەبێ دەروونی خەڵکی رەشۆکی رۆشن بکەینەوەو بە ئاگایان بێنینەوەو لەوە بگەن نابێ تەنها بیر لە دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانە بکەنەوە، دەبێ بەرەو یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی-ئابوری هەنگاو هەڵبگرن، چونکە ئازادی سیاسی بەس نییە بۆ بەختەوەر بوون

و بەختەوەرانە ژیان.))

بێرنشتاین ئاماژە دەدات: ((خەڵك بەرامبەر بە ئاکاریان، هەرچەندە زۆر جار خۆیان پێشێلی دەکەن و هەستیارن و باوەڕ بە کەسێك دەکەن، کە لە باری ئەخلاقیەوە کێشەی نەبێت، کەوایە هەر شۆڕشگێڕێکی ڕێگای سۆسیالیزم ، سەرەتا دەبێ خۆی بە چەکی ئاکارییەوە تەیار بکات و سەرچەشن و نمونە بێت بۆ ئەوەی خەڵك قسەو کردەکانی قبوڵ بکەن و پشتیوانی لێیبکەن.

**سەرچاوە:**
www.zendagi.com

# سۆسیال دیموكراسی

ئا: سامان محەمەد

سۆسیال دیموكراتی ئایدولۆژیایەكی سیاسییەو لە بنـەڕەتـدا لە كۆتاییەكانی سەدەی(19)و سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، لەسەردەستی ژمارەیەك لەلایەنگرانی ماركسیزم سەریهەڵدا، كە كۆمەڵێك لەشۆڕشگێڕە سۆسیالیستیەكانی لەخۆگرتبوو، لەوانە ڕۆزا لۆكسمبورگو فلادیمێر لینین. زاراوەی سۆسیال دیموكراتیش (social democracy) پاشان جەنگی جیهانی یەكەم و شۆڕشی روسیا سنوردار بوو لەبانگهێشتكردن بۆ گۆڕانی لەسەرخۆو رەتكردنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری، لەپاڵ هەوڵدان بۆ چەسپاندنی زیاتری یەكسانیو مرۆیی بوونیدا.

دیموكراسی لـەرووی زاراوەوە بەمانای حوكمی زۆرینەی خەڵك دێت، سۆسیال دیموكراتیش. یەكێكە لەو تیۆارنەی كە بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی زۆری بەسەر داهاتوە، هەر تێكەوتووە لەپەیوەستبوون بەسیستمی سۆسیالیستی بەرەو مامەڵەكردنی كەرتی، لەگەڵ سیستمی سەرمایەماریدا، لەپاڵ خستنەسەری چەند رەگەزێكی سۆسیالیستی، لەپێناوی كەمكردنەوەی جیاوازییە كۆمەلایەتییەكان كە لەسیستمی سەرمایەداریدا سەرهەڵدەدەن، لەرێگەی بیناتنانی سیستمی ئابوری بازاری سۆسیالستیدا، لەم پێناوەشدا پێویستە لە سیستمی سۆسیالیستی بدوێین و تیشك بخەینە چەند لایەنێكی ئەم سیستمەو هۆكارەكانی پشتەوەی گواستنەوە لەسیستمی سۆسیالیستەوە بۆ سۆسیال دیموكرات بخەینەروو.

سیستمی سۆسیالیستی سیستمێكی ئابوریو كۆمەلایەتی و سیاسیەو

ئامانجی بەجێهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ فەراهەمکردنی دەرفەتەکانی کار بۆ تاکەکان، هەروەها خاوەنێتی کۆمەڵایەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەبواری ئابوریدا، شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی تەنها لەڕێگەی ئەوەوە دەچەسپێت، کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان موڵکی هەموو کۆمەڵگە بێت، واتە دەوڵەت و کۆمەڵگە هاوبەشەکان، لەپێناوی ئامادەکردنی بەشی هەرەزۆری پێداویستیە مادی و روحییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەداو، کارکرن بەسەر هەمواندا بسەپێنرێو فەراهەمبێت بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە.

بواری کۆمەڵایەتی نێوسیستمی سۆسیالیستی، ململانێی چینایەتی تێدانییەو بەمەش ململانێی نێوان نەتەوەو گەلان نامێنێ، تەنها یاسا رێکخەری ژیانی کۆمەڵگەیە، بەڵام لەقۆناغی بنیاتنانی سۆسیالیستیدا ناتوانرێ یەکسانی کۆمەڵایەتی بەجێهبێنرێ، چونکە کارەکان دابەش دەبن لەکاری زەینیو جەستەییەوە رووەو کاری پیشەسازیو کشتوکاڵییەوە، ئەم بارودۆخەش دەبێتە هۆی ناتەبایی لەنێو کۆمەڵگەدا لەسەرئاستی کۆمەڵایەتیو مانەوەی هەندێ لەچینەکانی کۆمەڵگەوە، کە کرێکارو جوتیارەکانو چەند توێژێکی تر لەجێگەی خۆیانو چینێکی وەکو رۆشنبیران پێکناهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامی دەرکەوتنی هەندێ جیاوازی لەرێگەی چاکسازی لە چوارچێوەی سیستمی سۆسیالیستیدا چارەسەر دەکرێت. لەبواری سیاسی نێو سیستمی سۆسیالیستیدا، دەسەڵات دەدرێتە دەست بەرهەمهێنو کارگوزارو لەسەروویانەوە چینی کرێکار، لە پاڵ بوونی پارتێکی پێشەوا بۆ سەرکردایەتکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگە، کێشەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە بنەرەتییەکان، بە هاوبەشی جەماوەرو بەشێوەیەکی دیموکراسی فراوان، لەرێگەی رێکخراوە میللەکانەوە چارەسەر دەکات، بنەماکانی ئابوری سۆسیالیستی لەقۆناغی گواستنەوە، لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیستی بەبنیاتنانی بنەمایەك، یان پایەیەکی پیشەسازی سۆسیالیستی دەچەسپێن، لەگەڵ پەرەپێدانی کشتوکاڵو گواستنەوە لەتاکەوە بۆ کۆمەڵ، لە رێگەی کشتوکاڵی هەرەوەزییەوە لەپاڵ کێڵگەکانی دەوڵەتدا، ئەمە لەپاڵ وەلانانی ئەگەرەکانی پاوانخوازی و لابردنی پەیوەندییەکانی پێشبرکێی نارەواو بازاڕی شێواو چەسپاندنی خاوەنێتی کۆمەڵایەتی بۆ ئامرازەکانی بەرمهێنان.

سەرنەکەوتنی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بەهەر هۆیەکەوە بێت، لەبەجێهێنانی یاسای ئابوری بنەرەتی سیستمی سۆسیالیستی، بەشێوەیەك پێداویستیە تاکەکانی کۆمەڵگەو بەرزکرنەوەی ئاستی گوزەرانیان لەهەموو

بوارێکدا لێنەکەوێتەوە، بە شێوەیەکی سلبی رەنگدەداتەوە لەسەر بەرهەمهێنانی کارەکان رێگە خۆش دەکات بۆ شکستهێنانی بەرهەمی کۆمەڵایەتی.

لەم رووشەوە پێداویستی تاکەکان تەنها سنوردار نابێت لە پێداویستیە فسیۆلۆژییەکان، بەڵکو بریتیە لەپێداویستە مەعنەوی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریەکانیش، لەبەرئەوەی تاکەکان گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتین، بۆیە تاکەکان لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا بەرهەمهێن‌و بەکاربەریشن، هەر بۆیە پێداویستیەکان تەنها لەبەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەکارهێناندا سنوردار نابێت، بەڵکو پێویستی بەزیادکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان‌و پەرەپێدانیانە، هەروەها پێداویستیە مرۆییەکان جێگر نین، بەڵکو لە گەشەسەندنی بەردەوامدان‌و تێرکردنی تەواوی ئەو پێداویستیانەش، هەربەرێژەیی دەمێننەوە، لەم پێناوەشدا سیستەمی سۆسیالیستی پێویستی بەچاکسازی و بنیاتنانی سیاسەتی ئابوری گونجاو دەبێت، ئەمانە ئەگەرەکانی گواستنەوە گەورەتر دەکەن، بەرەو سیستەمی سۆسیال دیموکرات، لینین سەرکردەی شۆرشی سۆسیالیستی ئۆکتوبەر، دانەری بنەماکانی سۆسیال دیموکراسییە، چونکە ئەو بەشێوەیەکی یەکجاری بیرۆکەی دیموکراسییەتی پەرلەمانی رەتکردەوە، پێوابوو کەبوونی کەمینەیەك کەلە(500)کەس تێپەرێت، نوێنەرایەتی گەل بکەن‌و بەرژەوەندی گەلیان لە دەستدا بێت، ژمارەیان کەمەو بەئاسانی دەتوانرێ بکردرێن‌و بکرێن بە بەشێك لە حکومەت بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، هەروەها پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی رەتکردەوە کەلەو دەوڵەتانەدا پەیرەو دەکرا، ئەزمونی لینینی لە جێبەجێکردنی دیموکراسیدا بریتیە لە دانانی یەك دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن جیاکاری بەناوی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێتی، وشەی سۆڤیەتیش بەمانای راوێژکاری دێت، واتا ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری، ئەم ئەنجومەنەش بەشێوەی هەرەمی هەڵدەبژێرێ، واتە هەڵبژادنەکان بۆ ئەنجومەنەکانی راوێژکاری لەگەرەکەکانەوە، لەناوچەو گوندەکان)ەوە بەرەو ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری بەرز دەبنەوە، بەڵام بەلەدایکبوونی ئەزمونەکە، بیرۆکراسیەت باڵی بەسەردا کێشاو نوێنەرایەتی گەل بۆ سەرکردایەتییەکی جێگیری چوارساڵە گۆران، واتە نوێنەرانی سۆڤێەت لە پەرلەماندا دوای چوارساڵ مانەوەیان، ئینجا دەگۆرێت، هەر بۆیە لینین بە پێویستی زانی، ئەنجومەنەکانی سۆڤیەت بکرێن بە کۆنگرەیەکی کراوە، بەشێوەیەك بتوانرێ هەموو کاندیدێك لەژێرچاودێری‌و ئەگەری لابردندا بێت، کاتێك کە متمانەی جەماوەرەکەی لەدەست دەدات

بێگەڕانەوە بۆ چاوەڕوانی کۆنگرەکان، ئەمەش ئەزمونێکی بێوێنەبوو، بەڵام درێژەی نەکێشا بەتایبەتی دوای چوونە ناوەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ جەنگی جیهانی دووەم لەسەردەمی دەسەڵاتی ستالین دا.

لەلایەکی ترەوە یەکێك لەگەشەسەندنو گۆڕانە گەورەکان کەلە یەکێتی سۆڤیەتدا روویاندا، جەختیان لەسەر شکستهێنانی سەرلەنوێ بنیاتنانی سیستمی ئابوری دەکردەوە، هۆکاری زۆریان لەپشتەوە بوو، گرنگترینیان پاشماوەی قورسی رابردو گوشاری نێودەوڵەتیو هەڵەو وەهمەکانی سەرکردایەتی سۆڤیەتی بوو، هەربۆیە یەکێك لە ئەنجامەکانی بزاڤی سەرلەنوێ بیناتنانی تەوژمی بۆرژوازی سەرمایەداری لە یەکێتی سۆڤییەتدا، هاندانی (ئابوری بازاڕ)و بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت بوو، کە شکستهێنانی سیستمی سۆسیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەتیو لابردنی گۆرباتشۆفی لێکەوتەوەو یەکێتی سۆڤیەتیش دابەش بوو بەچەند کۆمارێك کە لەنێو خۆیاندا لەململانێدابوون، روسیا بەرەو ئابوری ئازاد، یان ئابوری بازاڕ رۆیشتن، ئەمە کاریگەرییەکو هاندانی زۆر گەورەبوو بۆ گواستنەوە لە سیستمێکەوە بۆیەکێکی دی، ئەمرۆ سۆسیال دیموکراتەکان مامەڵە لەگەڵ چەند رەگەزێکی سەرمایەداریدا دەکەن، لە پاڵ چەند رەگەزێکی سۆسیالیستیدا، لەپێناوی مسۆگەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا. لەکاتێکدا کە سۆسیال دیموکرات رێز لە ئازادی تاك دەگرێت، بەڵام لیبرالیەتی کۆمەڵایەتی جەختی زیاتر لەئازادی تاك دەکات، ئەگەر چی لێکچوونی گەورەش لەسیاسەتی ئابورییاندا هەیە، لەپێناوی روونبوونەوەی زیاتری ئەم دوولایەنە، پێویستە پێدا چوونەوەیەك بە جیاوازیەك لەنێوان لیبرالیەتی کۆمەڵایەتی و سۆسیال دیموکراتدا بکەین.

لیبرالیەتی سۆسیالیستی یان لیبرالیەتی کۆمەڵایەتی(liberalismsoc ial) کەبە لبیرالیزمی نوێ- هاوچەرخ- چاکسازی- ئاسودەیی- عەدالەتی کۆمەڵایەتیش ناسراوە، (هەندێ جار ئەم لیبرالیزمە نوێیە سۆسیالیستیە (Newlibralism) تێکەڵ بە نیولیبرالیزم (Neolibralism) دەکرێ)، کەچی ئەم دواییەیان دژ بەیەکەم دەبێت، چونکە هەنوکە بۆ پشتگیری لەسەرمایەداری بەکار دەهێنرێو هەمو دەستوەردانێکی دەوڵەت بۆ کۆتو بەندکردنی ئازادی خاوەنێتی تاك رەتدەکاتەوە، بەڵام لیبرالیزمی سۆسیالیستی، یان لیبرالیزمی نوێ پەرەسەندنی نوێی بیری (ئایدۆلۆجی) لیبرالییە لەکۆتاییەکانی سەدەی(19)و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداو گوزارشت لەبیری پارتە لیبرالییە پێشکەتوخوازەکان دەکات، کە لەپارتە لیبرالییە کلاسیکییەکان جیایدەکاتەوە، هەربۆیە زاراوەکە هەنووکە هاوشانە

لەگەڵ پێشکەوتنخوازی سۆسیالیستی (socialprogressivism) بە تایبەتی بەهۆی بەرهەڵستیکردنی لەگەڵ پارێزگاری سۆسیالیستی دا (social consevvatism). لیبرالیزمی سۆسیالیستی بانگەشەی ڕێزگرتن لە ئازادی تاکو لێبوردەیی دەکات، لەگەڵ سووربوونی لەسەر ئازادی ئەرێنی دا کە بایەخ بە توانای کەسەکان دەدات لەبەشداریکردن لەکارەکاندا و پێیوایە مافی کارو مافی کرێی گونجاو بۆ کارەکە، هیچی کەمتر نییە لە گرنگی مافی خاوەنێتی، چونکە ئابوری بازاری سۆسیالیستی بەهێز دەکات، هەروەها بایەخ بەعەدالەتی کۆمەڵایەتیو فەراهەمکردنی حزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فێربوونو گرتنی تەندروستی دەدات، جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکات و ڕەگەزەکانی سەرمایەداری وسۆسیالیستی بەیەکەوە گرێدەدات، لەپێناو بەجێهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ئازادی ئابوریو یەکسانیدا، بە شێوەیەك خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات، لیبرالیزمی سۆسیالیستی دەکەوێتە نێوان لیبرالیزمی کلاسیکیو سۆسیالیستیەوە، چونکە ئابوری ڕەهای سەرمایەداری رەتدەکاتەوە، کەرێگە نادات دەوڵەت دەست وەرداتە خاوەنێتی تایبەتیەوە، بە پێچەوانەی لیبرالیزمی کلاسیکی، بەڵام خاوەنێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بەلاوە پەسەندە (بە پێچەوانەی سۆسیالیستیەوە)ئەمە لەگەڵ پشتگیری مافی دەوڵەت لە دەست وەردان بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی سودی کەمترە لە ئازادی ئابوری.

جیاوازی لەنێوان لیبرالیزمی سۆسیالستو سۆسیال دیموکراتی لیبرالیزمی سۆسیالیستی زۆر لە سۆسیالیستی دیموکراتیدا ئەوەیە، کە نزیکدەبێتەوە بە تایبەتی لە سیاسەتی ئابوریدا، هەردووکیان ناوەندێك داگیر دەکەن لەنێوان سەرمایەداریو سۆسیالیستیدا، بەڵام جیاوازی سەرەکی لەبەهاکاندا بەدی دەکرێن، ئەوەیە یەکەم جەختی زیاتر لە ئازادی تاك وەکو بەهایەکی باڵا دەکاتەوە، لەم پێناوەشدا کۆتو بەندکردنی ئازادییە تاکییەکان بە توندی رەتدەکاتەوە، بەڵام دیموکراسیو حوکمی زۆرینە دەکات بەبنەما، هەربۆیە ڕێگە بەسەپاندنی هەندێ لەیاساکان دەدات کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕێگە لە ئازادییە تاکییەکان دەگرێت، لەرووی مێژووشەوە دەتوانین بڵێین لیبرالیزمی سۆسیالیستی لەمندالانی لیبرالیزمی کلاسیکی (سەرمایەداری)یەوە دەرچوو و زیاتر سۆسیالیستی بووە، بەڵام سۆسیال دیموکراسی لەرەحمی سۆسیالیستی شورشگێرانەوە دەرچوو کە باوەڕی بە ململانێی چینەکان هەیە، بەمەش بووە بەدیموکراسیو کەمتر دوور کەوتوەتەوە لەسەرمایەداری.

هەر بۆیە قۆناغی گۆڕان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆ کۆمەڵگەی

سۆسیالیستیو پاشان سۆسیال دیموکراتی، قۆناغێکی گواستنەوەیی پێویستە، چونکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەسیستمی سۆسیالیستیو خاوەنێتی کۆمەڵایەتی، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ناکرێ لەداوێنی سیستمی سەرمایەدارییدا لەدایک ببن. ئەم قۆناغی گواستنەوەیە پردێك دەبێت لە چارەسەرکردنی کارە بنەرەتییەکانی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیستی، لەوانە: وەلانانی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێنانو پەنابردنەبەر پەیوەندی سۆسیالیستی وڵاتانی چینە دەسەڵاتدارەکانو نەهێشتنی پاوانخوازی مرۆڤ بۆ مرۆڤو هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی .

**سەرچاوەکان:**

1- تیرهون، الدیموقراگی الاجتماعی، 1897

2- بول هیرولدر. اقامه الاشتراکیه الاجتماعیه، 1960

# دیموکراسی کۆمەڵایەتی و سۆسیال دیموکراسی

**ئا: زەردەشت محەمەد**

سۆسیال دیموکراسی لەڕوانگەی ئاراستەی سیاسی کلاسیکیەوە بریتیە لەڕێبازێکی سیاسی چەپی ناوەندو لەڕوانگەی هاوچەرخیەتیشەوە بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات هەوڵدەدات بۆ چاکسازی سەرمایەداری، بەشێوازێك بگونجێت لەگەڵ نمونەی ئاکاری دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەچەشنی بەرهەمی سەرمایەداری، لەپێناو دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤی سیستمی ئابوری سۆسیالستی، جگەلەمە کردارێکی نوێی سیاسەتەکانی سۆسیال دیموکراتەو هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی دەوڵەتو چەسپاندنی دیموکراسیەتی ئابوری، ئەمەش وەك هۆکارێك بۆ بیمەکردنی مافی کرێکاران، هەروەها سۆسیال دیموکراسی وەك شێوەیەك بووە لەشێوەکانی سۆسیالی چاکسازی گەشەپێدانیو کاردەکات بۆ بنیادنانی ئابوری سۆسیالستی لەرێگەی ململانێی چینایەتیەوە، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەئەوروپادا و بزوتنەوە سۆسیالستە گەورەکانو حزبە دیموکراتیەکان رەگەزەکانی مارکسیەت و سۆسیالستە شۆرشگێرەکان و ململانێ چینایەتیەکانیان وەلادەنا و هەڵویستێکی مامناوەندیان وەرگرت لەرێگەی چاکسازی سیاسی سۆسیالستی، لەدوای راگەیاندنی فرانکفۆرت بۆ سۆسیالستیەت لەساڵی (1951) زۆر لەلایەنە دیموکراسیە سۆسیالسیەکان ئامادەبوونو پەیوەستبوون بەدژایەتیکردنی بەلشەفیکی شیوعیەتی و ستالینیەتو هاندانی گۆرانی پلەبەپلەیی لەسەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالستی، لەگەڵ ئەوەی دیموکراسیەتی سۆسیالستی لەساڵی (1951) ئەوروپا پیادەدەکرێت، لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالستیو چاکسازەکانی دیموکراسیەت پلەبەپلەییەو بەرەو ئابووریەکی سەرمایەداریەو لە ئاکامیشدا لەدروستکردنی ئابوری سۆسیالستی سەرکەوتوو دەبێت،

هەروەها دژی بەزۆر سەپاندنی هێزە لەرێگەی هۆکارە سۆسیالستی شۆرشگێرەکانەوە، بەپێی ئەم پلەبەپلەییەش تەواوی گروپە چەپو راستەکان لەسەریان بوو بەهای کۆمەڵگەی سەرمایەداری قبوڵبکەن، چونکە دواتر نمونەیەکی راستەقینەی سۆسیالستی بەرهەم نایەت، سوسیالستی دیموکراسی مەبدەئی مارکسی لەدیموکراسیەتی پرۆلیتاری وەلادەنێتو هەوڵی بنیادنانی دەوڵەتێکی سۆسیالستی دەدات، چونکە کار لەسەر ئەوە دەکات کەچاکسازیەکانی دیموکراسیەتی پلەبەپلەیی لەسەریەتی مافی چینی کرێکاری باش بکات.

لەگەڵ گەشەی لیبرالیەتی نوێ، زۆرێک لەلایەنی دیموکراسیەتی سۆسیالستی وازیان لەهەندێ ئامانجی گەشەی تەدریجی لەسەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالستی پشتیوانیکردنی لەبری چاودێری سەرمایەداری دەوڵەت، دیموکراسیەتی سۆسیالستی و لەرێگەی ئایدۆلۆژیەتی سۆسیالستی دیموکراسیەوە لەزۆربەی وڵاتاندا گەشەیکردوە، هەتا ئێستاش دیموکراسیە سۆسیالیستەکان لەگەڵ لایەنە سۆسیالستە دیموکراسیەکان بونیاتی هەیە، هەردوو کیشیان وەك دوو بزوتنەوەو لەهەندێکاتدا لەناو یەك حزبی سیاسیدا کاردەکەن ، وەك حزبی سۆسیالستەکان (لەوانە حزبی کرێکاری بەریتانیا) وەك ناوەندێکن و سیاسەت رێگەی سێیەمی هەڵوێستەکانیانەو ئەم گۆرانکاریەش مشتومرێکی زۆری لێکەوتەوە.

سۆسیالستی نێودەوڵەتی بریتیە لەرێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەرەکی حزبە سۆسیالستە دیموکراسیەکان و سۆسیالستە میانرەوەکانو جەخت لەسەر ئەم بنەمایانە دەکاتەوە:

1–ئازادی، نەك تەنها ئازادیە تاکییەکان، بەڵکو رزگاربوونە لەجیاوازیەکانو ئازادبوون لەپشتبەستن بەخاوەنداریەتیو هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو خاوەن دەسەڵاتە سیاسیە خراپەکان.

2–یەکسانیو دادوەری کۆمەڵایەتی، نەك تەنها لەبەردەم یاسادا، بەڵکو یەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هەوڵ بۆ هەموان دەدرێن.

3–هاوکاریو یەکیەتی هەستو هاوسۆزی لەگەڵ قوربانیەکانی تاوانو نایەکسانیەکان.

لەسەدەی نۆزدەدا زاراوەی سۆسیال دیموکراسی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرا بۆ سۆسیالستە نیودەوڵەتیەکان بەهۆی وەلایان بۆ ئایدلۆژیە بنەرەتییەکەی کارل مارکس یان لاسال فردیناند، ئەمەش وەك

دژێك بۆ ئەو شێوە جیاوازانەی کەبانگەشەی سۆسیالستی تۆباویانکرد.

ریچارت ئەعل لەساڵی (1883) دەڵێت ((گرنگترین داخوازی ئەوانەی کەداوای نا بۆ دیموکراسی سۆسیالستی دەکەن بریتیە لە(دەوڵەت پێویستە لەچوارچێوەی کرێکاراندا بێت و ، زەوی و سەرمایەیە، پێویستە بۆ خاوەنداریەتی گشتیو کۆمەڵ بێت)) هەروەها دەڵێت (هەندێك لەو لایەنانە خۆیان بە دیموکراسی سۆسیالستی دادەنێت لەوانەش یەکیەتی و سۆسیالستی دیموکراسی کرێکارانی ئەڵمانی گشتی، حزبی کرێکاری ئەڵمانیا (کەیەکیگرت بۆ دروستبوونی حزبی سۆسیال دیموکراسی لەئەڵمانیا) لەگەڵ یەکیەتی دیموکراسی سۆسیالستی بەریتانیاو حزبی سۆسیالستی روسی کاری دیموکراسی و لەدوا ساڵی (1917) زۆر لەحزبەکان لەبری زراوەی (شیوعی) کاریان بۆ شۆڕشی سۆسیالستی دەکرد.

## دیموکراسیەتی سۆسیالستی هاوچەرخ

بزوتنەوەی دیموکراسی هاوچەرخ لەمنداڵدانی بزوتنەوە سۆسیالستەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە، بەتایبەتی ئەم جیاوازیەش لەنێوان ئەوانەی کەسوربوون لەسەر شۆڕشی سیاسی وەك مەرجی پێشوەخت بۆ هێنانەدی ئامانجە سۆسیالستەکان، لەگەڵ ئەوانەی پارێزگاریان لەسەر ئەو رێرەوە تەدریجیە، یان گەشەکردنەی بەرەوسۆسیالست دەکرد، لەراستیدا هەموو ئەم ئایدۆلۆژیانە لەلایەن کەسانێکەوە دەرکراوە کەجیابوونەتەوە لەو بزوتنەوە سۆسیالستانەی کەپێشتر هەبوون.

ئەدوارد برنشتاین یەکێکە لەوانەی کەبانگەشەی سۆسیالستی چاکسازی دەکرد لەگەڵ ئەوەی لەبنچینەدا مارکسی بوو، کۆمەڵەیەکی نزیك لەمارکس– ئەنگلسی گرێدا، بەڵام هەڵەی زۆری لەبیری مارکسیدا دەبینی، ئەم رەخنانەش کاتێك سەریهەڵدا کەدەستیدایە لێکۆڵینەوەو باسکردن لەتیۆری مادی مارکسی بۆ مێژوو، تێدا رەخنەی لەچەمکی مارکسی بۆ ململانێی چینایەتی گرت، پێیوایە مەسەلەی ململانێی چینایەتی بەتایبەتی جیاوازی چینایەتی ئابوری بەتێپەڕبوونی کات، لەنێوان بۆرجوازیەتو پرۆلیتاریدا دەبن، چاکسازی لەبواری یاساییو دانانی پرۆگرام و سەرلەنوێی دابەشکردنەوەی ئابوری بکرێت، برنشتاین رەفزی مەبدەئی مارکسیەتی لەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریدەکردو بانگەشەی بۆ چاکسازی دیموکراسی تەدریجیو باشکردنی مافی چینایەتی کرێکاری

دەكرد، بەدەرلەمەش پێیوایە هاوكاری لەنێوان چینەكاندا باشترە بۆ هێنانەدی سۆسیالستی لەبری ململانێی چینایەتی.

هەروەها بێرنشتاین دەڵێت كەس بیرلەلەناوبردنی كۆمەڵگەی مەدەنیی ناكاتەوە وەك كۆمەڵگەیەك چوبێتە شەری شارستانیەتەكانەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە سۆسیالستی دیموكراسی نایەوێت كۆمەڵگەی مەدەنیی تێپەڕێنێتو هەموو ئەندامانی لەگەڵ یەكتریدا بكات بەپرۆلیتاری ، بەڵكو هەوڵدەدات كرێكار لەباری كۆمەڵایەتیەوە بگوازێتەوە بۆ پرۆلیتاری و نایەوێت كۆمەڵگەی مەدەنییو كۆمەڵگەی پرۆلیتاری شوێنی یەكتری بگرنەوە، بەڵكو رژێمی سەرمایەداری لەگەڵ سۆسیالستیدا بۆ كۆمەڵگەیەك دەستەسەر بكرێت.

هەروەها پێیوایە (پێویستە سۆسیالستی لەرێگەی گەشەی كۆمەڵگەوە بێتەدی، نەك شۆڕشەوەو دژی ئەمجۆرە بۆچوونابوو كەلەلایەن سۆسیالستە شۆرشگێرەكانەوە دەخرایەروو).

لەدوای شۆڕشی روسیا لەساڵی (1917) زۆربەی حزبە سۆسیالستەكان لەجیهاندا دابەشبوون و تەنها سۆسیالستە چاكسازەكان بەناوی سۆسیال دیموكراتی مانەوە، لەوكاتەشدا زۆر لەسۆسیالستە شۆرشگێرە شیوعیەكان، بزوتنەوەكی نوێی شیوعیان لەساڵی (1920)دا دروستكردو جیاوازیو ناكۆكی مەزهەبی كەوتە نێوان سۆسیالستە دیموكراسیەكانو شیوعیەكان لەهەموو بەشەكاندا هەر لە(ماركسە ئەرسەدۆكسەكان، بەلشەفیك، مەنشفیك)

لـەدوای شـەری جیهانی دووەمــەوە لەساڵی (1951) رێكخراوێكی نێودەوڵەتی نوێ نوێنەرایەتی دیموكراسیەتی كۆمەڵایەتیو سۆسیالستی دیموكراسی و سۆسیالست نێودەوڵەتی دەكـردو پاشانیش حیزبی دیموكراسی كۆمەڵایەتی لەئەڵمانیا ململانێی چینیو ماركسی رەفزكرد هەرچەندە (سۆسیالستی دیموكراسی)و (دیموكراسی سۆسیالستی) بەردەوام بەئاڵوێری بەكاردەهێنرێت، لەساڵی (1947) لەئیتاڵیا حیزبی سۆسیالستی دیموكراسی ئیتالی دروستبوو، لەساڵی (1948) پاڵپشتی بیرۆكەی هاوپەیمانی ناوەندی دەكرد.

زۆر لەحزبە دیموكراسیە كۆمەڵایەتیەكان گۆران بۆ چاودێری خستەسەر ئامانج و دواتریش لاساییەكەرەكان لەدادوەری كۆمەڵایەتیدا بۆ مافەكانی مرۆڤ و مەسەلەی ژینگە.

لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا زۆر لەو سیاسەتانەی كەحیزبە

ديموكراتيه سۆسيالستەكان دايانىنا لەهەموو جيهاندا لەلايەن زۆر لەحكومەتە ديموكراسيە كۆمەڵايەتيەكانەوە پەيڕەوەدەكرێت، و هەوڵدرا چاكسازى لەبوارەكاندا بكەن، بەتايبەتى لەوڵاتانى ئەوروپى وەك پرۆژەى تەندروستىو ڕێگرتن لەبۆچوونى توندى دەرەكى، ئەمرۆ زۆر حيزبى سياسى ديموكراسىو سۆسيال ديموكراسى لەوڵاتە پێشكەوتوەكان و تازە پێشكەوتوەكاندا هەن لەوانە (فەرەنسا، ئەڵمانيا، ئەمريكا، ئيسپانيا، ئوستراليا، بەرازيل، ئيسرائيل) زۆر لەحيزبە ديموكراسيە كۆمەڵايەتيە ئەوروپيەكان ئەندامن لەڕێكخراوى حيزبە سۆسيالستە ئەوروپيەكان، كە يەكێكە لەحزبە سەرەكيەكان لەسەر ئاستى ئەوروپا .



**سەرچاوەكان:**
1- شيرى بيرمان، مفهم الديمقراطية الاجتماعية، مطبعة كاميرج، 2006.
2- ريتشارد اعل، الاشتراكية الفرنسية والالمانية فى العصر الحديث، نيورك،1883

# چەپ+ڕۆشنگەری= سۆسیال دیموکراسی

## لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو

1- دەبێ خۆ لە بەگشتیکردنی دەستەواژە دەستپێکییەکان بپارێزین، زاراوەکانی وەکو ڕۆشنگەری، یان بزووتنەوەی میللی، کاتێك کە دەبنە گشتی، دەبنە تێڕوانینی کەسی و ڕێژەیی، هەرکەسەو بە بۆچونی خۆی لێکیبداتەوە، بەمشێوەیە لە ماناو شوێنە مێژووییەکەی خۆی هەڵدەکەندرێت. هاوڕێیەکی کۆمۆنیستم دەیگوت هیچ کەسێك دژی بزووتنەوەی میللی نییە، چونکە بزووتنەوەی کۆمەڵەیی، خۆی بزووتنەوەیەکی میللییە. یەکێکی تر دەیگوت، ڕۆشنگەری هەمان ئاشکراکردنی ناڕاستییەکان و برەودانە بە ئاتیزمی زانستی.

2-بەڵام نە بزووتنەوەی کۆمەڵەیی بزووتنەوەی میللییەو نە ڕۆشنگەریش تا ئەو ڕادەیە سادە و ڕواڵەتییە، بزووتنەوەی کۆمەڵەیی لە ماناو پێگە مێژووییەکەیدا دژی دیموکراسی پلوراڵە. یان بۆ نموونە زاراوەی (دیموکراتیك)وەك ئەوەی کە لە نێوان چەپەکان باو بوو، هەمان مانای کۆمەڵەیی لە پێکهاتەی بزووتنەوەی کۆمەڵەیی و جوتیارییە و هیچ پەیوەندییەکی بە دیموکراتیکەوە نییە کە خاسیەتی دیموکراسییە.

کەواتە مەبەستمان لە ڕۆشنگەری، ڕۆشنگەری مێژووییە، وەکو کۆرسێکی مێژوویی لە پێگە دیاریکراوەکەیەوە. ئەو کاتەی کە دەڵێن ڕۆشنگەری دینامیزمێکی مێژووییە، مەبەستمان لە دینامیزمی مێژوویی پیادەکردنیەتی لەکاتی ئێستادا.

دوای گشتییانەکردنی دەستەواژە دەستپێکییەکان، خۆدزینەوە

لەمەسەلە سەرەکییەکە دیارنییە. ڕۆشنگەری لە ماناو پێگە مێژووییەکەیدا، وەکو دینامیزمێکی مێژوویی لە سێ فەزا، یان لە سێ شێوازدا کاملدەبێت، تا دیموکراسی و پلورالیزم دروستدەکات:

1–لە فەزای ئەندێشەییانەی چەپ، ئەگەر ڕۆشنگەری بە سەرچاوەی چەپ بناسرێت، واتە سۆسیال دیموکراتیك دەبێتە ئازادیخواز، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی بزووتنەوەی چەپ، کۆمنیتێرن و کۆمینیفۆرم بێت، ئەوا وەدەستخستنی ئازادیخوازی لەم فەزایەدا نامومکینە، کەواتە بۆ جولانی دڵنییانەی ئەندێشەییانە، دەبێ سەرچاوەکە دیاریبکرێت. لە کاتێکدا کە ڕۆشنگەری سەرچاوە بێت، هەندێك هەڵەی مەعریفی بەزۆری زەمانە و ناکاملی عەقڵ و ناجێگیری لە ئازادیخوازیدا ڕوودەدات، بە ئاسانی لە ڕەوتی گەڕانەوە بە خودی ڕۆشنگەری دەکرێت ڕاستبکرێتەوە.

2– بەهاتنەناوەوەی ڕۆشنگەری بۆناو کەشی ئەندێشەییانەی ڕاسترەوەکان، بزووتنەوەی ڕاسترەو دەبێتە بزووتنەوی لیبرالیستی، ئەم هاوکێشەیە بەدەستدێت: ئەندێشەی ڕاست+ ڕۆشنگەری= لیبرالیزم.

3–بزووتنەوەی مەزهەبی بە قبوڵکردنی ڕۆشنگەری وەکو خود و سەرچاوە، دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەی سیکۆلاریستی، واتە: ئەندێشەی مەزهەبی+ڕۆشنگەری= سکۆلاریزم.

کەواتە وەرچەرخانی ڕۆشنگەری لەم سێ شێوازەدا، چارەنووسی دیموکراسی لەهەموو کۆمەڵگەدا دیاریدەکات. دیموکراسی بە هاوکاری کلتور و دیسیپلین، لەجودایی بەخشین و تێکەڵ نەبوونی ئەو فەزایانە لەگەڵ یەکتر پێکدێت. هۆکاری ئەوەی کە هەندێك لە چەپەکان دەبنە کەسانی مەزهبی، یان هەندێ کەسی مەزهەبی دەبنە چەپڕەو. لیبراڵ پێگەی چەپ قبوڵدەکات و چەپیش پێگەی لیبراڵ، واتە(هۆکاری ئەو گێرەشێوێنی و تێکەڵبوونە) ئەمەیە کە کەلتوری سیاسی لە ڕادەیەك کامڵ نەبووە، کە هێڵەکانی جیایی و شیتاڵکردن لەنێوان ئەو سێ ڕەوتە دیموکراسییەدا ڕۆشن و دیار و ئاشکرا بکات. هۆی ئەوەی کە هەندێ لە ڕۆشنبیران، ریفۆرمیزمی مەزهەبی لەگەڵ ئەندێشەی ریفۆرماتۆری تێکەڵدەکەن، تووشی بەدواچوون و سنۆبیزمی سیاسی دەبن ، هەروەها نەناسینی هەر ئەو سێ شێوازە سێلایەنەیە کە بە دیاریکردنی سنورەکانی خۆی لەیەکتری، پێکهاتەی دیموکراسی دروستدەکەن، تا دواتر بتوانن وەکو سێ ڕووبار بڕژێنە ناو دەریا. هۆی ئەوەی کە بەشێکی ڕۆشنبیرانی سیاسی بەپەلەپروزێ لەو ڕەوتە، یان لەو فەزایەدا دەچنە دەرەوە بۆ فەزاکەی تر، هەروەها نەناسینی دیموکراسییە کە پێکهاتەی ئەو ڕەوتانەیە. دوای ئەوە

له بەرژەوەندی دیموکراسی نییە، بەتایبەت لە (کۆمەڵگەی نەریت)ییەکاندا کە لیبراڵ ببێتە چەپ و مەزهەبی ببێتە مارکسی و بە پێچەوانەشەوە، چونکە ئەمە تەکانێکی عەسەبیانە دەدات وەرچەرخان و لە قوولیی دەخات.

هەڵەو گۆڕانکاری و گۆڕینی پێگەی سیاسی، جیابوونەوە و دروستکردنی دامەزراوەکان بوونە هۆی لێدانی کەلتوری روو بە زۆربوونە، دەرەنجامی ئەو تەکانە و ناسینی رواڵەتییانەی ڕەوتی دیموکراسی بوو ، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە فەزای چەپەوە هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ نەریت و کۆمینیتێرنی ئەو بزووتنەوەیە. ئەگەرنا بە ناسینی ڕۆشنگەری و زەرورەتی کارکردن لەو دینامیزمە مێژووییەدا هەموو هەڵسەنگاندنەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهات.

بە ناسینی ئەم دینامیزمە، مرۆڤ پشت نابەستێت بەگۆڕان لە فەزاکانی تری ئەندێشەییدا. گۆڕینی پێگە، نەك تەنیا گرفتەکە چارەسەر ناکات، کە نیشانەی ناکاملیی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو پشتبەستنە بە گۆڕانکاری لە فەزایەکی تردا، هەروەها نیشانەی بێتواناییە لە هێنانەدی گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە فەزای خودی و هەم شێوەیەکی داپۆشراوە، بۆ گواستنەوە بۆ فەزایەکی تر و نیشاندەری سەرگەردانی نێوان ناسنامەکانیشە.

سەرگەردانی نێوان ناسنامەکانیش نیشاندەری ئەوەیە، کە ئازادی نەبووەتە مەسەلەیەکی دەروونـی مرۆیی کە گرفتاری سەرگەردانی نێوان ناسنامەکان.

ئاوێتەی ئاین و سۆسیالیزم، پێکهاتەیەکی ئازادیبەخشانە نییە. ئاوێتەبوونی دوو ئایدیۆلۆژیا، دەتوانێت نەریتێکی ترسناك بهێنێتە بوون. ئێمە ئەو ئەزمونە لە ستالینزمیش فێربووین. لەوێدا هەم سۆسیالیزم سەرەتا بە ئاین، واتە گۆڕا بۆ کۆمۆنیزم و دواتر یەکسانخوازی تێیدا گۆڕا بۆ نەریتێکی ئەفسونکەر و سەرکوتکەر.

دادپــەروەری کۆمەڵایەتی داواکارییەکی شەرەفمەندانەیە و پێویستی پێی لە سروشتی مرۆڤدا نادیارە، بەڵام بەرزکردنەوەی ئاڵای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی چەوساوەدا، جگە لە سەرکوتکردنی پراکتیکیانە ئازادی ئیمکانی نییە. لەدەقی پەیوەندییەکانی چەوسانەوەدا، لەنێوان ئازادی و دادپەروەریدا، دژایەتییەتییەکی قووڵ هەیە. لەو لایەنەوەی کە ئازادی لە واقیعیەتدا مانا پەیدا دەکات و لە ململانێدا لەناو دەچێت. پێچەوانەی ئەو پەیوەندییە لە بارەی دادپەروەرییەوە ڕاستە.

دادپــەروەری کۆمەڵایەتی وەکو خەونێکی شەریفانە بە دادپــەروەری کۆمەڵایەتی وەکو بەرنامەیەکی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردن جیاوازە.

هەموو مرۆڤەكان تەنانەت سەرمایەدارێكی رۆشنبیریش، لەوانەیە باوەڕی بەو خەونە شەریفانەیە هەبێت، بەڵام وەكو بەرنامەیەك بۆ كارپێكردن ئەگەر ببێتە داواكاری هەموو هێزە سیاسییەكان، لەمپەر دروستدەكات لە رێگەی كامڵبوونی بۆرژوازی و دەرهاویشتەی پلۆرالیستی و لیبرالیستییەكان، بەم هۆیەوە دەبینین كە لە دیموكراسییەكاندا دروشمی هێزی لیبراڵ وەدیهێنانی كار لە رێگەی فراوانبوونی پێشبركێیە. هێزی ئاینی بەخستنەرووی سكۆلاریزم پێشدەكەوێت، نەك بە سۆسیالیزم و دادپەروەری كۆمەڵایەتی.

لە حاڵێكدا هێزی چەپ لەگەڵ دادپەروەری كۆمەڵایەتی ناسنامە پەیدا دەكات. كاركردنی هاوتا و هاوبەش ئەم فەزایە و لە دەستورە دیاریكراوەكانیدا شوێنەواری یەكسانكەر، واتە دیموكراتی بەسەرەوە بەجێدەهێڵێت، واتە دیموكراسی بەبێ ئەم شیتاڵكردنە رۆشن و دۆستانەیەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان مومكین نییە.

كەواتە ئەو كاتەی كە دەڵێین نابێت دادپەروەری كۆمەڵایەتی ببێتە مۆدێلێك بۆ پەیڕەوكردنی هەموو هێزە سیاسییەكان(بە تایبەتی لە قۆناغی دروستكردنی دیموكراسیدا)، بەمانای رەتكردنەوەی ئەو ئارەزووە شەریفە نییە. ئەگەر هەموومان دروشمی دادپەروەری كۆمەڵایەتی بڵێینەوە، هەمەرەنگی دیموكراتی دژوار دەبێت، چونكە یەكیەتی وشە دوژمنی سەرەكی دیموكراتییە.

وەرچەرخانی كۆمەڵایەتی وەرچەرخانێكی بەدیسی پلینە. وشە و چەمكەكان نابێت بۆش بن و فەرهەنگی سیاسی توشی تێكەڵاوی گێرەشێوێنی بكات. نابێت چەپلە لێبدەین بۆ هێزی مەزهەبی، كە دەبێتە سۆسیالیست. ئەمە نە جێگەی خۆشحاڵییەو نە نیشانەیەكیشە بۆ پێشكەوتن. كەسێك كە بە دوو داری ژێر باڵەوە بروات، سەربەخۆ و ئازادانە ناروات. ئاوێتەی سۆسیالیزم و دین هیچ شتێك نییە، جگە لە (لەقوتونانێكی نوێی پەیوەندییە كۆنەكان)، جگە لەشاردنەوەی زنجیرەیەكی رووت و پەیوەست بەكارەساتی دژە لیبراڵی شتێكی دیكە نییە،(ئەو زنجیرەی كە بشاردرێتەوە ناتوانرێت بپچڕێندرێت) سۆسیالیزم لە پێكهاتە مەزهەبییەكەیدا شەرعیەتدەدات بە دەستێوەردانی سیاسی مەزهەبی، بەم شێوەیەش زنجیرەی پەیوەست بە گشتیپەرستی، دەشارێتەوە. سۆسیالیزم لە مەزهەب زەرورەتی رۆشنگەری لە بارەی تێكەڵاوی میتافیزیكی بە سیاسەت و نێوان بوارە گشتیی و تایبەتییەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی لەناو ببات و بە گەشەی سۆسیال دیموكراسی، كە تەنیا لەگەڵ گەشەی لیبرالیزم روودەدات، زیانی جدی پێدەگات.

لە نوسینێکی ترمدا وتومە کە ڕیشەی سۆسیال دیموکرات لە بزووتنەوەی کرێکاری سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپایە. ئەمە بەو مانایەیە کە چەمکی سۆسیال دیموکراتی مەزهەبی چەمکێکی شێواو وەرگیراو لەلایەنی گەشەی دیموکراسیدا نییە، بەگشتی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە مافپارێزراوەکاندا زەمینەی هەیە. لە حاڵەتێکدا دیموکراسی ڕەوتێکە بنیاتنراوە لەسەر شیتاڵکردنی ڕوشن و دیموکراتیکی چەمکەکان.

لە ڕوانگەی ئیستیدلالیشدا پێکهاتەی مەزهەبی سۆسیالیستی پێکهاتەیەکی دوو ئایدۆلۆژییە. واتە ئایدۆلۆژیایەکی دووهێندە و ئەمەش دژی ئەو سروشتە مێژووییەی مەزهەبە، کە لەسەر گەشەی لیبراڵی بنیاتنراوە، کەواتە ئەو پێکهاتەیە، لە قوڵایدا سوود لە گەشەی نەرێنیّ و ناسروشتی وەردەگرێت. سۆسیالیزم لە ئاوێتەبوون لەگەڵ مەزهەبدا یەك (داری ژێربال)ی دووەمە کە توانای مرۆڤ لەبەرچاو ناگرێت بۆ لەسەر پیّ ڕۆیشتن. بۆ؟ چونکە گەشەی سۆسیالیستی لێرەدا ئەلتەرناتیڤی گەشەی لیبراڵییە، کە بەرنامەی ڕۆشنگەرییە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، گەشەی سۆسیالیستی و لیبراڵی پێکەوە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا نامومکینە، کەواتە گەشەی سۆسیالیستیانەی مەزهەب، پێشێلکاری یاسای (کانت)ی ڕۆشنگەرییە. کە سەرنجراکێشترین دۆزینەوەی دەربڕینی کارکردی ڕۆشنگەری لە ڕۆح و ئەخلاقی تاك بووە، کە بەپێی ئەو ڕۆشنگەریی بریتییە لە: جەسارەتکردن بۆ هاتنە دەرەوە لە پێنەگەیشتویی، لەسەرپیّ وەستانی ئاسایی گەشەی هەنگاونانە.

گێرەشێوێنی ئەو چەمکەی کە ڕۆح و ئەخلاق پەیوەندییەکی وەرگیراوە، کاردانەوەی تاك بۆ خۆدزینەوە لە ڕەوتی سروشتی گەشەی کۆمەڵایەتی لە مێژووی شارستانیەتە.

ئەو ئوستورەیەی کە سۆسیالیزم نیشانەی پێشکەوتنە، تاکە بۆچوونی دادپەروەریانە ئاینی دەکاتەوە، کەواتە کەسی مەزهەبی نابیّ واز لە مەزهەبی خۆی بهێنێت، چونکە بە خستنەرووی ڕۆشنگەری لە جیهانی ئاینیدا زیانی لێدەکەوێت. کەسێکی لیبراڵ دەبیّ لیبراڵی ڕاستەقینە بێت، تا دیموکراسی لەسەر قاچەکانی بوەستێت.

ڕۆشنبیران بە هاندانی سۆسیالیزم لە ئەندێشەی مەزهەبیدا، شوغاد زربراکەی خۆی دەکوژێت و لەبەردەمخۆیدا چاڵێك هەڵدەکەنێت و ئاسایشی سیاسی داهاتوی خۆی دەخاتە مەترسییەوە. پەیوەندی ڕۆشنبیران لەگەڵ سۆسیالیزم مەزهەبی پەیوەندییەکی سیحرئامێزە و ئەوان دەبێت بە یارمەتی کلتور، ئەم سیحرە بەتاڵ بکەنەوە، تا ڕێگای پلۆرالیزم بەردەوام بێت. ئەگەر

لەڕوی بەرنامەییەوە هێزی لیبراڵ باوەڕ بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بهێنێت ، بەو مانایەیە کە ماهیەتی خۆی گۆڕیوە و ئەمەش بەزمانی پلۆرالیزم، چونکە هێزێکی وەها ئیتر ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گروپەکەی خۆی نییە ، ئەمەش هەمەڕەنگی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکان کەمدەکاتەوە.

کەواتە، چەپی سۆسیال دیموکرات، هێڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی لە فەزای مەزهەبی و لیبراڵیدا بانگەشە ناکات، ئەمەش زامنی وەرچەرخانی دیموکراتییە.

ڕەخنـەی سنۆبیزمی سیاسی هەندێك لە هێزە چەپەکان و جۆری بەدواداچوونی لە فۆرمیزمی مەزهەبی بەشێکی کامڵکەر و لایەکەی تری ناپەسندبوونی بانگەشەی چەپڕەوانە لە فەزا باسکراوەکانە. لەیەك وشەدا: هەرکەسێك دەبێت کاری خۆی بکات، بۆ ئەوەی دیموکراسی مانا پەیدا بکات. گۆڕانکاری لە فەزای گشتی و هاوبەشدا لەڕێگای گۆڕانکاری لە فەزای خودی پێکدێت، ئەگەرنا گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ لە فەزای گشتی و هاوبەش پتر ناواقیعییە. ئەگەرچی ئەم کارە کە لە قەڵەمڕەوی سیاسەت ناواقیعییە، لە قەڵەمڕەوی هونەر و ئەدەبیاتدا کارێکی واقیعیانەیە، ئەمەش مەسەلەیەکی ترە.

ئەستۆبیزم پەیوەندییەکە لە نێوان دوو لادا، کە لەلایەك ستایشکراو و لەلایەکی تر بە ستایشکەر دەوەستێت، واتە ڕاکێشەر و ڕکێشراو، بەڵام فەزای ڕاکێشراو جیاوازە لەگەڵ فەزای ڕاکێشەر و هۆکاری ڕاکێشەریش هەر ئەو لە دەرەوە بوونی ڕاکێشراوە لە فەزای ڕاکێشەردا. بۆ نمونە، مارسل پرۆست لە ڕۆمانە مەزنەکەیدا ڕۆشنایی بەخشی. پرۆست خۆی لە سەرەتای سنۆبێکی ژیانی ئەشرافی بوو کە بەچوونە ناو فەزای ناوەوەی، پیسییە قووڵەکانی ژیانی ئەشرافی ئاشکرا کرد.سنۆبیزمی ڕۆشنبیران، دیاردەی کۆمەڵناسی سەردەمی گۆڕانە و تایبەتمەندیی کاتی هەیە، واتە خاسیەتێك نییە کە ڕەتکەرەوەی پیاوچاکی ڕۆشنبیر بێت.

پروست کەبەرای هەندێك کەس، گەورەترین نوسەری مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسایە، دانی نا بە سنۆبیزمی سەرەتای خۆی، بەرای من ئەو سنۆبیزمە سەرەتاییە، رەنگە رۆڵێکی پۆزەتیفانەی گێرا بێت لە قولبوونەوەی ناسینی پرۆست بۆ سەردەمی دواتر، پاشان بەرهەمەکەی کردە شاکارێك.

رووبەرووبونەوەی دۆستانەو ئاستی بەرزی مارسل پرۆست، فێرماندەکات کە ئێمەش بەیارمەتی کلتور دەتـوانـین زیانەکانی سنۆبیزمی سیاسی کەمبکەینەوە، بەو مانایەی کە بە یارمەتی عەقڵ، تێڕوانینە سـۆزداری و

ڕۆشنبیرییەکانی خۆمان کۆنترۆڵبکەین، ئەو تێڕوانینانەی کە پسپۆڕییەکەیان بە ئایدۆلۆژیکردنی رووە سیاسییەکان، یان فەزایەکی سیاسی و دیاریکراوە. نامەوێت نمونەی زۆر بهێنمەوە. سۆسیال دیموکراتەکان و ئەو خەڵکانەی کە لە سەردەمی ژیانی ویلی برانت لایەنگری تەواوی ئەو بوون لە رەخنەگرتن لێی، هەموو جارێك کە پێویست دەبوو، رەخنەی خۆیان دەگرت، ئەویش لەوەڵامدا (خۆم جارێك بینیم) بەرانبەر کامێرای ڕاگەیاندنەکان بە ئاشکرا دەیگوت (قبوڵ دەکەم) ئەو رستەیەی کە لە فەرهەنگی سیاسی ئێمەدا گەدە دەخاتە ئێش.

سۆسیال دیموکراتی ئامانجێکی دیارو بەردەستە، کۆمۆنیزم باوەڕێکی خەست و چڕبووەو ناواقیعیانەیە، کە لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، چۆنایەتی و جۆری پەیوەندی باوەڕایەتی ڕێکدەخات. بەم شێوەیە ناواقیعبوونی کۆمۆنیستی، پەیوەندی ئەو باوەڕانەیە لە هەمان ئەو کاتەی کە بە پەیوەندی باوەڕایەتی بۆ گەیشتن بە شتێکی شاراوە پێکدێنێت، ئەو هەر ئەو پەیوەندییە دوو هێندەیە کەلە ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی ئاینیش هەر ڕاستە.

دژایەتی نێوان کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراتی، دژایەتی گوتراوی نێوان واقیع و ناواقیعبوونە، ڕوبەڕووبوونەوەیەکی دەروونناسییانەیە لە نێوان توانای بەردەستی هەبوون و نەبووندا، ئەو تایبەتمەندییە دەروونناسیە دوو جۆر مرۆڤ تەواو جیاواز دەخوڵقێنێت. ڕێگە چارەی دیموکراتی بۆ چارەسەری ئەم ڕوبەڕوبوونەوە دەروونناسیە، تەنها گەشەی کلتوری و لیبرالیزمە لە کۆمەڵگەدا. تەنیا لەم زەمینەیەدا، هاوژیانی دیموکراتی نێوان ئەو دوو جۆرە دەروونناسی مومکینە.

لە ڕوسیا دوو شۆرش هەڵگیرسا، یەکەمیان واتە شۆرشی فێبرایەر کە لەڕاستیدا شۆڕشێکی سۆسیال دیموکرات بوو، کە بەهۆی دواکەوتوویی گەشەی لیبڕالی لەکۆمەڵگەی ڕوسیا و ئیمپراتۆرییەکەی، بەهۆی شۆڕشی دووەمی واتە شۆڕشی کۆمۆنستی ئۆکتۆبەر بە ئاسانی لەناوچوو. ئەم ئەزموونە، نهێنی ئەو ڕوبەڕوونەوە ناوخۆییەی ئاشکراکرد. ئەو نهێنییەی کە لە ڕوبەڕووبوونەوەی نێوان بیروباوەڕە لەقوتوونراوەکانی کۆمۆنیستی شاردرابووەوە. ڕۆحی ئەو دژایەتییە لە ئەدەبیاتی باوی کۆمینیتێرنی لەو گوتراوەی خۆیدا نیشانیدا کە (فاشیزم و سۆسیال دیموکراتی دوو ڕووی چەکێکی کەم وێنەن کە لە دەست سەرمایەی مەزنن).

5– ئایدیۆلۆژیزم، بیروباوەڕێکی مۆدێرنی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە، کە منداڵێکی زۆڵی مۆدێرنێتەیە. کە بە دوژمنایەتی لەگەڵ باوك، شەرعیەتی دا لە جیاکردنەوەی گوتەی دادپەروەری لە ئازادی. مەبەست لە توندوتیژی،

توندوتیژی بە چەك و كەرەسە نییە. بەكتریاكانی توندوتیژی لە دادوەرییەكان، لە شێوەی تێڕوانین و لە ڕووبەڕووبونەوەی بیروباوەڕەكانی تر شاردراونەتەوە. تا بتوانن كەم كەم توندوتیژی كەرەسانە كامڵ بكەن.

كەواتە ناوك و تۆوی خەسارناسی سیاسی ئێمە لەو خاڵەدا شاردراوەتەوە، كە سۆسیال دیموكراتی لە كۆمەڵگەیەكدا گەشە دەكات كە شوێنەوار و دەرهاویشتەی چەندایەتی شۆڕشی بۆرژوازی تێیدا، وەكو پێویست گەشەی كردبێت. لە هەلومەرجی گەشەی ناتەواو، یان ناهاوسەنگەكانی دەرهاویشتەی شۆڕشی بۆرژوازی، لە بیركردنەوەی چەپی كۆمۆنیزم غەریزەی لەخۆڕای بیركردنەوەی چەپ لە كۆمەڵگەیەكدا، كە لیبرالیزم تێیدا گەشەی نەكردبێت. لە كۆمەڵگەیەكی وەهادا بیركردنەوەی مەزهەبی غەریزەی سۆسیالیستی هەیە، بەو ڕێزەی لەو دەنرێ بەرامبەر ئازادیخوازی بێبایەخ دەبێت.

گەشەی دووانــەی لیبرالیزم و دیموكراسی نیشانەی یەكسانی كلتوری سیاسییە. لە مەوقیعێكی وەهادا، ڕۆحی خۆپەرستی (كە ڕۆشنبیرانە) لە دەستەواژەو چەمكەكانەوە وەردەگیرێت و ڕۆشنبیرانی تر ناچار نابن، هەردەم بەلایەكدا بخزن، واتە ئیتر خەستی ئاژاوە و تێڕوانینی ڕووت، ناسنامەی بابەتە سیاسیەكان نابێت.



---

شوغاد، زڕبـرای ڕۆستەم كە لەبەردەم قاچی ڕۆستەم و ڕەخشەكەی چاڵێكی شاراوەی هەڵدەكەنێ و هەردوكیان بەكوشتن دەدات*

**سەرچاوە:**

سایتی Iran-emrooz.net

# پێگەی ڕەگەزەکانی دیموکراسی لە دەستەبەرکردنی ئازادییەکاندا

لوقمان ڕەئوف

**پێشەکی:**

دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەك دوو چەمکی جیاواز لەگەڵ ئەوەی هاوسەنگن، بەڵام بەپێی کارایی هەریەکەیان جیاوازی خۆیان دەخەنەروو، هەرچەندە لەچوارچێوەی مافی مرۆڤدا چەمکەکانی ئازادی و کۆمەڵایەتی ئابوری و ڕۆشنبیری لەگەڵ ئازادی مەدەنیی و سیاسی لەفراوان بوون و گەشەکردندان، ئەمرۆش ئەوە سەلمێنراوە کەئاسایشی مرۆڤ بەشێکە لەمافەکانی، بۆیە ئەمرۆ چەند شێوازێك و مافێکی جیاواز لەگەڵ یەکتری یەکدەگرن، کەپەیوەستن بە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەوە.

لەبەرئەوە ئەمرۆ دان بەوەدانراوە کە دیموکراسی و مافی مرۆڤ پەیوەندیەکی زۆر پەیوەستیان بەیەکەوەهەیە، لەگەڵ ئەوەی دەزگاکانی دیموکراسی لەسەر بنەمای یەکسانی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بنیادنراون، بۆیە ئەمرۆ زۆر گرانە بتوانرێت دەسەڵاتێك بەبێ بوونی دیموکراسی گۆڕانکاری بەسەر دەزگا و سیستم و دەسەڵاتەکاندا بهێنرێت.

هەرچەندە بیری دیموکراسی لەمرۆڤدا بەشێوەی جیاواز و لەکات و ڕۆشنبیری و شوێنە جیاوازەکاندا جێبەجێدەکرێت، بەمەش دیموکراسی بەشێوەی کۆمەڵگە جیاوازەکان بەشێوەی جیاواز وەرگیراوە و پراکتیزە کراوە.

**زاراوە**

دیموکراسی لەگەڵ ئەوەی وەرگیراوی وشەی یۆنانیە و لەبنچینەدا بەواتاو چەمکە ئەساسیەکەی واتای حکومی گەل دەگەیەنێت، بەڵام بەواتا گشتیەکەی پرۆسەیەکی ئاشتەواییە لەپێناو دەستا و دەستکردنی دەسەڵات لەنێوان تاك و گروپەکاندا، لەپێناو دۆزینەوەی ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی بەهێز کەخاوەن

بڕواپێکردن بێت لەلایەن کۆمەڵگەوە بەشێوەیکی گشتی.

هەرچەندە هەندێ جاریش بەواتایەکی تەسك بۆ وەسفکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و هەندێ جاریش بەواتایەکی فراوانتر بەواتای کۆمەڵگەیەکی ئازاد بەکاردەهێنرێن، بەڵام دیموکراسی وەك شێوەیەك لەشێوەکانی حوکم، بریتیە لە حوکمکردنی گەل بەشێوەیەکی گروپی، ئەمەش لەڕێگەی دەسەڵات و دەنگی زۆرینەوەیە و ئەم دەسەڵاتەش خۆی بۆخۆی بۆ هەموو تاك و گروپ و دەسەڵاتەکان، هەم مافە هەم ئەرکە (ئازادی و بەرپرسیاریە تاکیەکان)، ئەمەش واتە فراوانکردنی چەمکی بەشکردنی دەسەڵاتەکان لەلوتەکەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و سیادەش بەفعلی لەکۆمەڵگەدا ئازادە بۆ گەل و لەمیشەوە دەگوازرێتەوە بۆ حکومەت، نەك بەپێچەوانەوە.

## مێژوو:

هەرچەندە زاراوەی دیموکراسی بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی شێوەکانی حوکم و گەلێکی ئازاد ، بڵاوبوونەوەی ئەم وشەیەش لەجیهاندا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە وای لەدیکتاتۆرەکان کردوە، هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێن، ئەگەر بەناچاریش بێت، هەڵبژاردنێك ئەنجامبدەن ئەگەرچی پێش وەختیش ئەنجامەکەی دەزانن.

ئەم زاراوە و سیستمە لەسەدەی (5)ی پێش زاین لەئەسینا سەریهەڵداوەو لەبنچینەشدا دیموکراسی بەشێوەیەکی گشتی سەیریکراوە و کاری لەسەر کراوە، چونکە یەکەمین ئەزمونە کە چەمکە سەردەمیەکانی بەسەردا جێبەجێدەبێت بۆ حوکمی دیموکراسی ، یان جارێك لەدانیشتوانی ئەسینا فێر بوون و مافی دەنگدانیان هەبووە، هەرچەندە ئەمە بەربەستە، بەڵام بەربەستی نەتەوەیی نییە و پەیوەندی بەپلە و پایەی ئابوریەوە نییە، بۆیە بەدور لەحاڵەتی هەژاری خەڵکی ئەسینا مافی دەنگدانیان هەبوو، کاریان لەسەر کۆمەڵەیەکی گشتی دەکردەوە، خەڵکی ئەسینای کۆن راستەوخۆ بڕیارەکانیان دەدا بەبێ گەڕانەوە بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەر، بۆ ئەوەی ئەوان بڕیار لەسەر شتەکان بدەن، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری لەواتای (دیموکراسی)دا کراوەو لەسەدەی هەژدەوە لەگەڵ دەرکەوتنی گروپ و رێکخراوی دیموکراسی، هەوڵی هەموارکردنی واتای ئەم چەمکەیان داوە.

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئیدی دیموکراسی بەربڵاوی و بڵاوبوونەوەی بەخۆوە بینی، یەکەمین شێوەی دیموکراسی لەکۆمارەکانی

هیندی کۆندا کە خۆی لەسەدەکانی پێش زاین و بەر لەدایکبوونی بوزادا دەبینێتەوە، ئەم کۆمارانەش بە (مەها جاناباداس) ناسرابوون، لەناو ئەم کۆمارانەشدا (فایشالی) حوکمی دەرکرد و ئەمڕۆ لەهندستاندا بە (بیهار) ناسراوە، ئەمەش بەیەکەم حکومەتی کۆماری لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت، پاشان لەسەردەمی ئەسکەندەری گەورەدا لەسەدەی چواری پێش زاین، ئەغریق لەسەر هەردوو دەوڵەتی (سابار کامی) و (سامبا ستایی) ئەو دوانەی کەئەمڕۆ ناسراون بە (پاکستان) و (ئەفغانستان) بەپێی مێژونووسە یۆنانیەکان کە کاتی خۆی لەسەریان نووسیون ئەوکاتە شێوەی حکومەتەکەیان دیموکراسی بووە و پاشایەتی نەبووە.

لەڕاستیدا لەساڵی 1900 یەك سیستمی دیموکراسی لیبڕاڵی بوونی نەبووە لەچوارچێوەی مافی دەنگدان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، بەڵام لەساڵی (2000) دا (120–129) وڵات یان (60%) لەجیهاندا خاوەن سیستمی دیموکراسی لیبراڵین، ئەم داتایەش بە پشت بەستن بەدەزگای ماڵی ئازاد خراوەتەروو، کە دەزگایەکی ئەمەریکیە و (64)ساڵ زیاترە لەم بوارەنەدا کاردەکات و ئامانجی خستنەرووی ئەو ناو و دروشمانەیە کە لەسەر ئازادی کراونەتەوە لەهەموو شوێنەکاندا و لەساڵی (1900)دا (25) وڵات لەجیهاندا کە دەکاتە (19%) هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسیەکی سنورداریان داوە و لەمڕۆشدا (14%) بۆ (16%) لەجیهاندا لەسەر ئەم ڕێڕەوە کاردەکەن، هەروەها بەپێی داتای (بیت الحریە) ژمارەی وڵاتە پاشایەتیە دەستوریەکان لەساڵی (1900) بریتی بوون لە (19) وڵاتی پاشایەتی، کە دەکاتە (14%) وڵات لەجیهاندا کە لەو کاتەدا دەستورەکان دەسەڵاتی پاشایان دیاریدەکرد و دەیدایە پەرلەمانی هەڵبژێراو، بەڵام ئەمڕۆ ئەم جۆرە پاشایەتیە دەستوریە نیەو، تائێستا هەندێ وڵات هەن پاشانشینن هەندێکی تریش شێوەی جیاجیای نادیموکراسیان هەیە، بەپێی ئەم دەزگایە فەنزوێلا لەساڵی (1893) وە مافی دەنگدانی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەوتیەکان جێبەجێکردوە، لەگەڵ بوونی مشتومڕێکی زۆر لەبارەی دانانی مەرج لەسەر گەلی (ماوری) لەدەنگداندا، هەروەها ئەوەشی خستوەتەروو کەلەدوای ساڵی (2000)ەوە هەندێك وڵات سیستمی حوکمیان گۆڕیوە وەك نیپاڵ کەبوونەتە نادیموکراسی، پاش ئەوەی حوکمی کتوپڕ (گوری) سەپاند بەهۆی ئەو شکستەی کەلەشەڕی ناوخۆدا بەسەریداهات.

لەڕاستیدا لەسەدەی بیستەمدا دیموکراسی لەجیهاندا، وەك شەپول بڵاوەیکرد، ئەمەش پاش ئەو شەڕوشۆڕشانەی کەهەبوونو لەهەندێك وڵاتدا

دیموكراسی لەلایەن هێزی سەربازی دەرەكیەوە سەپێنراوەو هەندێكیش ئەمە بەرزگاركردنی گەلان دەزانن و، شەڕی جەنگی جیهانی یەكەم دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمهێناو زۆربەشیان دیموكراسی بوون بەناو وەك كۆماری ڤایمار، بەڵام لەسەرەتادا ئەمجۆرە دەوڵەتانە كاریگەری لەسەر وڵاتە دیموكراسیەكانی تری وەك (فەرەنسا ،بەریتانیا،بەلجیكا،سویسرا)هەبوو، چونكە پاریزگاریان لەشێوەی حوكمی خۆیاندەكرد، لەهەمانكاتیشدا ڕژێمی فاشستی لەئەڵمانیاو ئیتاڵیای مۆسۆلۆنی و ڕژێمی فرانكۆ لەئیسپانیاو ڕژێمی ئەنتۆنیودی ئۆلیفیرا ساڵانە لەپورتوگال گەشەیانكردو كاریگەریان لەسەر تەسككردنەوەی دیموكراسی هەبوو، لەسیەكانی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆیەوە نازناوی (سەردەمی دیكتاتۆرەكان)ی وەرگرتو زۆر لەوڵاتە داگیركەرەكانیشان وەك خۆیان مانەوە.

بەهۆی شەڕی جیهانی دووەمیشەوە شكستێكی گەورە بەسەر دیموكراسیدا هات، بەتایبەتی لەئەوروپای ڕۆژهەڵاتداو هەندێكیان چوونە بەرەی سۆڤیەتی نادیموكراسیەوە، بەڵام لەپاش شەڕی دووەمو بەهۆی گەشەی ئابوری هەندێ لەوڵاتە دیموكراسیە خۆرئاواییەكانو بوونی بازاری ئازاد، لەساڵانی (1960)هەندێك لەوڵاتانی خاوەن ڕژێمی دیموكراسی بەناوبوون، بەتایبەتی وڵاتە شیوعیەكان، دواتریش بەهۆی گەشەی بیری دیموكراسی جۆری تری ئەم سیستمە سەریهەڵداو بیرۆكەی دیموكراسی لیبراڵ لای هەندێ گەلان هاتەئاراوەو لەهەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی خراپی باری ئابوری یەكیەتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشاو كۆتایی بەشەڕی سارد هات و ئەو وڵاتانەی كەلەڕووی جوگرافیو ڕۆشنبیریەوە لەئەوروپای خۆرئاوا، نزیكبوون لەدیموكراسیەتی نوێوە نزیكبوونەوەو ئێستاش زۆربەیان پاڵیوراو،یان ئەندامی یەكێتی ئەوروپان، زۆربەی وڵاتانی ئەمریكای لاتینو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای وەك تایوانو كۆماری باشوور و هەندێ وڵاتی عەرەبیو ئەفریقی وەك لوبنانو عیراق لە هەوڵی ئەوەدان بەرەو دیموكراسی بچن.

### میكانیزمەكانی دیموكراسی

#### 1- هەڵبژاردن

هەرچەندە دیموكراسی ڕاستەوخۆ لەئەسینا جێبەجێكراوە، بەڵام ئەمرۆ لەو ڕوانگەوە چەندین لایەنی جیاواز لەكردە سیاسیەكاندا بەشداریدەكەن، بۆ ئەوەی شمولیەتی دیموكراسی بەرجەستە بكەن. هەرچەندە لەیۆنانی كۆندا

دیموکراسی بەواتای حکومرانی گەل هاتوە لە هەردوو وشەی (دیمۆس/گەل) (کراتۆس/ حوکم) ئەمەش بەشی بنەمایی چەمکەکەیە و ئەم روانینەش بەشێکی سەرەکی پێناسە نوێکەی پێکدێنێت کە لەڤیەننا (1993) خرایەروو، دەڵی ((دیموکراسی لەسەر گوزارشتی خواستی گەل چڕ دەبێتەوە لەبریاردان لەسەر رژێمی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەشداری تەواوی لەهەمووڵایەنەکانی ژیاندا کردوە، لەمەشەوە ئەوە دەردەکەوێت، هەر لەسەرەتای ئەم چەمکەوە ئەوە روونده‌بێتەوە تیشکخستنە سەر دامودەزگا سیاسیەکان، ئەو هەنگاوانەی کەدەبنە هۆی پێکهێنانی دیموکراسیەت وەك هەڵبژاردن، بوونی حیزبی سیاسی و ئۆرگانەکانی حکومەت، بەڵام ئەمرۆ روانینی زیاتر لەسەر ئەمە هەیە وەك (دیڤید بینهام) بەرێوەبەری بنکەی لێکۆڵینەوە لەدیموکراسی لەزانکۆی (لیدن) دەڵێت ((بۆ ئەوەی دیموکراسی بە چەمکی دەزگایی پێناسە بکەین، پێویستە واتاکان بۆ دواین (هەتاهەتایی) بەرزبکەینەوە و پێویستە سەیری شێوەکان بکەین نەك مادەکە).

هەرچی (جاك دونیلی) مامۆستا لەزانکۆی (دینفر) دەڵێت ((دیموکراسی راپەراندنێکی پەتیە و لەوانەشە بگۆرێت بۆ شێوەیەکی نادیموکراسی و هەردوو چەمکەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەپێویستە روانین لەسەر بەها بنچینەییەکان لانەدەین، بەهۆی گرنگی گەل و حکومەکەی لەسەر حکومەتەوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حکومەت بۆ گەلە نەك هاوتابێت بۆ حکومەتێك لەلایەن گەلەوە، کەواتا دیموکراسی بۆ بنچینە و بنەمایەکی سەرەکی ژیانە و لەناو خودی دیموکراسیدا، دیموکراسی واقیعی زامنی ئەم کارەیە، نەك دیموکراسی هەڵبژاردن و بەهۆشیەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە دیموکراسی تەنها بەناوە نەك بەجێبەجێکردن، واتە دیموکراسی لەهەنگاوەکانی ژیان و راپەراندنی کارەکانی حکومەتدا بەرجەستە دەبێت، نەك لەناو و ناونیشانەکاندا، لەمەشەوە ئەوە دەردەکەوێت رەگەزە سەرەکیەکانی دیموکراسی راستەقینە بریتیە لەوەی کەخەڵکی مافی ئەوەی هەیە کە تەحەکوم بەبریارەکانی گەلەوە بکات و بریارەکان بەرهەمبهێنێت و پێویستە بەرێز و بەهای یەکسانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هەندێك پێیانوایە ئاماژەی یەکەمینی دیموکراسی بوونی هەڵبژاردنە گەلیەکانە، بەپێی (بیتنهام) خواستە گەلیەکان لەرێگەی هەڵبژاردنی منافەسەو لەرێگەی دەنگدانی نهێنیەوە دێنەدی. هەرچی (گسوتر) بەرێوەبەری لێکۆڵینەوەی سیاسی لەزانکۆی (ویتواتر سراند) لەهانسبۆرگ دەڵێت ((بۆئەوەی هەڵبژاردن ئازاد و دادپەروەرانە بێت، پێویستە بنەماکان و مافەکان

پێداچونەوەی تێدا بکرێت، لەوانەش ئازادی رادەربڕین و دەنگی پێکەوە ژیان) لەراستیدا پرۆسەی هەڵبژاردنیش لەرێگەی (گەیشتن، گشتگیری، سەربەخۆیی، فیکریی، پاکی، یەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیان دێتە دی.

## 2-ئۆرگانی حیزبەکان:

بیتهام ئەوە دەخاتە ڕوو کە((هەڵبژاردن بەبێ چالاکی ئۆرگانەکان و بەردەوامیان و بەرپرسیاریەتی حکومەت لەبەرامبەر گشتیدا ئەنجامی نابێت)) گوتۆش دەڵێت: (پاڵێوراوان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێڕن لەسەر دەزگا حکومیەکان، بۆئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی کاربکەن).

هەروەها کۆتۆ دەڵێت : (ئەگەرچی ئۆرگانە گشتی و چالاکەکان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا هاندەری دیموکراسین، بەڵام چالاکی و کارایی کاریگەری لەوانەیە غیابی کۆمەڵگەدا نەمێنێت)) و کۆمەڵگەی خۆجێیەتی بەکۆمەڵگەی دیموکراسی ناودەبات و پێویستە لەسەر کۆمەڵگە دەرفەتێك بۆ هاووڵاتیە چالاکەکان برەخسێنێت، لەگەڵ بەشداری راستەوخۆی لەپێناو کاراکردنی دیموکراسی، لەراستیدا رەگەزە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە، خۆیان لە راگەیاندنی سەربەخۆ، گەشەپێدان، فێرکردن، مافی مرۆڤ، رۆڵی ژن.....تاد دەبیننەوە، بەمەش مافی مەدەنیی و سیاسی و تاد، هاووڵاتی دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی بەتایبەتی ئازادی و رادەربڕین، بەشداریکردن، لەمرۆشدا گفتوگۆیەکی چڕ لەسەر مافی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری وەك مەرجێکی دیموکراسی دەکرێت، بەگشتیش ئەمە شیاوی قبوڵکردنە، چونکە لەپێناو بەهای راستەقینەی مافی خەڵکیە، هەر لەبەر ئەمەشە دەوترێ ((شێوەی دیموکراسی ئەو شێوە رۆشنبیریە وەردەگرێت کەخەڵکەکە هەیەتی).

لەبارەی مافی مرۆڤ و چەمکی مافی مرۆڤەوە (دونیلی) دەڵێت: ((ئەو شتانەیە کەمرۆڤ بەخۆشی دەیانگوزەرێنێت، لەبەرئەوەی کەمرۆڤە و ئەمەش مافی یەکسانیە، چونکە لەبنچینەدا هەمووومان یەکسانین)) هەرچەندە مافی مرۆڤ لەرێگای ئەو جارنامە گەردونیەی کە نەتەوەیەکگرتوەکان لەساڵی 1948 راگەیاندرا و لەساڵی 1966 وە بەشێوەی جدی کاری لەسەر کرا.

لەبنچینەدا مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەهەندێك مافی تاك دەکەن، کە لەهەموو وڵاتان داواکراوە بۆ هاووڵاتیەکانیان دەستەبەری بکەن، پرۆفیسۆر (ئەنتۆنی لانجۆ) مامۆستای پەیوەندی نێودەوڵەتی لەزانکۆی (فلیندر) لەئوستراليا دەڵێت ((دانپیانانی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وەك بەشێکی سەرەکی پێوەرەکانی مرۆڤە)).

هەرچەندە لەدوای ساڵی 1994 وە زاراوەی مافی مرۆڤ گشتگیریەکی بەخۆوەبینی لەگەڵ زاراوەی ئاسایشی مرۆیدا تێگەڵ بوو، لەکەڵ ئەمەشدا دیموکراسیەت لەئەنجامی نەبوونی مافی مرۆڤی ئابوری و کۆمەڵایەتی کەجەخت لەسەر ئاسایشی مرۆیی دەکاتەوە دەگەڕێتەوە دواوە، چونکە باشبوونی ئابوری وا لەمرۆڤ دەکات، هەست بە ئازادی و ئەمان بکات.

بوونی حیزبی سیاسی زۆر لەڵاتدا کارئاسانیە بۆ سەربەستی و دادپەروەری و چون بەرەو دیموکراسی ئازاد، چونکە ئەمە هۆکار و دەرفەتێکە بۆ هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن و گوزارشت و رادەربڕین، حاقمان دەڵێت ((بوونی رێکخرا و گروپی هەمەجۆر زۆر گرنگە بۆ بونیادنانی دیموکراسیەکی دروست)) لەهەمانکاتیشدا چاکسازی لەم حیزبانە و گەشەپێدان بەفرە حیزبی کارێکی گرنگە.

## جۆرەکانی دیموکراسی

بەگشتی جۆرەکانی دیموکراسی بریتین لە:

1–دیموکراسی راستەوخۆ: ئەو جۆرەی کە گەل دەنگ لەسەر بڕیارەکانی حکومەت دەدات وەك مصادەقەکردن لەسەر یاساکانی،یان رەفزکردنی، چونکە خەڵکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پراکتیزەی دەسەڵات دەکەن، بێ ناوەند، یان نوێنەر کەنوێنەرایەتیان بکات لەپەرلەماندا ، لەروانگەی مێژوویەوە ئەمجۆرە زۆر دەگمەنە بەهۆی گرانی کۆکردنەوەی خەڵکێکی دیاریکراو بۆ پرۆسەکە لەکاتو شوێنێکی دیاریکراودا، لەپێناو دەنگدان لەسەر بڕیارەکان، بۆیە زۆربەی دیموکراسیە راستەخۆکان لەشێوەی کۆمەڵگەی بچوکدا، یان شاردا بوون وەك ئەسینای کۆن.

2–دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی: ئەو سیستمە سیاسیەیەکە ئەندامانی گەل بەخواستی خۆیان دەنگ لەسەر ئەندامانی پاڵێوراو دەدەن، کەبەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتی دەناسرێ، چونکە گەل دەنگ لەسەر بڕیاری حکومەت نادات، بەڵکو نوێنەر هەڵدەبژێرێت و ئەوان لەبری دەنگدەدەنو ئەمجۆرە لەسەدەی بیستەمەوە بەردەوام روو لەگەشەکردندایەو هەندێکجاریش بەو حوکمە دیموکراسیە نوێنەرایەتی دەڵێن کۆماریەکان، جگەلەمەش دەتوانرێت دیموکراسی داشبکرێت بەسەر (لیبراڵ)و (نالیبراڵی)دا، دیموکراسی لیبراڵی ئەو شێوەیە کەلەشێوەکانی دیموکراسیو دەسەڵات ملکەچی دەسەڵاتی یاساکانە لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لەهەمانکاتیشدا مافدەداتە هاووڵاتیانو مافەکانیان پێشێلناکات، بەڵام دیموکراسیەتی نالیبراڵی شێوەیەکی تری

دیموکراسیەو ئاستێکی، یان سنوورێکی دیاریکراو نییە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی نوێنەرانی هەڵبژێراو، بۆئەوەی بەخواستی خۆیان کاربکەن.

### رەگەزە سەرەکیەکانی دیموکراسی

پ.د.چارلیس بلاتبیرغ مامۆستای زانستی سیاسی کەنەدی لەکتێبی (لەزۆرینەوە بۆ سیاسەتە نەتەوەییەکان)دەڵێت (مشتومری زۆرهەیە لەسەر پێوەرەکانی دیاریکردنی دیموکراسیو بەگشتی بریتین لە-

1-بوون،یان گەل(Demos) واتە کۆمەڵێك بریاری سیاسی دروستدەکەن بەپێی شێوەیەك لەشێوەکانی راپەراندنی کۆمەڵایەتی، جگە لەئەندامان لە(Demos) کەسی تر بۆی نییە بەشداربیکات، لەوڵاتە دیموکراسیە هاوچەرخەکاندا(Demos) ئەوانەن کەلەسەرووی (18) ساڵیەوەنو رۆڵەی گەلن، چونکە ئەمە هاووڵاتین و ئەندامن لەدەسەڵاتدا.

2-بوونی زەوی بۆ ئەو زەویەی کە(Demos) لەسەری دەژیو یاساکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، چونکە لەدیموکراسیەتی هاوچەرخدا زەوی بریتیە لەدەوڵەتی گەل و (Demos)و پرۆسەی هەڵبژاردن دوو شتی بەیەکەوە گرێدراون.

3-بوونی هەلومەرجێکی تایبەت بەبریاردان، لەوانەشە ئەوە راستەوخۆبێتو راپرسی (استفتاو)، یان ناراستەوخۆ وەك هەڵبژاردنی پەرلەمان.

4-پێویستە گەل دان بەشەرعیەتیدا بنێت و ئەنجامەکەی قبوڵبکات، شەرعیەتی سیاسیش ئەو ئامادەباشیە جەماوەریەیە کە بریارەکانی دەوڵەت، یان حکومەتو دادگاکان قبوڵبکات، لەگەڵ ئەوەی تواناى نەیاریبوونی هەیە لەگەڵ خواستو بەرژەوەندیە کەسیەکاندا، ئەم مەرجەش گرنگە لەسیستمی دیموکراسیدا.

5-ێویستە پرۆسەکە کارابێت، بەو واتایەی کەبەهۆیەوەو بەلایەنی کەمەوە حکومەت بگۆرێت لەکاتی بوونی داخوازی پێویست بۆئەمە،چونکە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت بەشانۆیەكو پێشتر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی رژێمی سیاسی بزانرێت، ئەمە بەهەڵبژاردنی دیموکراسی دانانرێت.

6-لەحاڵەتی دەوڵەتی نەتەوەییدا پێویستە حکومەت خاوەن سیادەی خۆی بێت، چونکە هەڵبژاردنی دیموکراسی ئەوەندە پاك نییە، ئەگەر هێزێکی دەرەکی بتوانێت ئەنجامەکانی رەتبکاتەوە.

## وێناکردنەکان لەبارەی دیموکراسیەوە

بەگشتی لەڕوانگەی زانستی سیاسیەوە چوار وێناکردن (تصورات) ململانێی (منافسە) دیموکراسی دەکەن.

1–دیموکراسیو سنووری دەسەڵاتی حیزبەکان (minimalis): دیموکراسیەت بەپێی ئەم بۆچونە رژێمێکی بەڕێوەبردنەو ماف دەداتە هاووڵاتیان کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی پراکتیزی دەسەڵات بکەن بەپێی خولی هەڵبژاردنەکان، بەپێی ئەم چەمکە هاووڵاتیان ناتوانن حوکم بکەن، چونکە ئاگاداری بارودۆخەکان نین.

2–چەمکی دابەشکاری بۆ دیموکراسی : پێویستە حکومەت لەوشێوە رژێمە بێت کەیاساو سیاسەتەکانی نزیك بێت لەپاڵێوراوەکانیەوە، کەنیوەیان لەلای چەپەوەنو نیوەکەی تریشی لەلای راست. ئەنتۆنی داونز بەخاوەنی ئەم بۆچونە دادەنرێت کەلەکتێبی (تیۆری ئابوری لەدیموکراسیدا) کەلەساڵی (1957) نوسیویەتی.

3–دیموکراسیەتی پرسورا : ئەوجۆرەیە کە دیموکراسیەت حوکمکردنە لەرێگەی دیالۆگەکانەوە و پێویستە یاساو سیاسەتەکان لەلایەن خەڵکیەوە رەزامەندیان لەسەر دەرببرێت، بۆیە دەبێت گۆرەپانی سیاسی ببێتە گۆڕەپانی دیالۆگی رابەرەکانو هاووڵاتیانو هەریەکەیان گوێی لەوی تر بگرێت.

4–دیموکراسیەتی هاوبەشیپێکردن: ئەو جۆرەیە کەپێویستە هاووڵاتی لەمەسەلەی دانانی یاساو سیاسەتەکاندا دیموکراسیەتی لیبراڵی بەشداری راستەوخۆ بکات، نەك لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە.

بێگومان دیموکراسیەتی لیبراڵی شێوەیەکە لەشێوەکانی دیموکراسی نوێنەرایەتیو دەسەڵاتی سیاسی حکومەت پەیوەستە بەدەستورەوە، هەڵدەستێت بەرۆڵی خۆی و بەپێدانی مافو ئازادیەکانی تاكو کەمینەکان، لەلیبراڵیەتی دەستوریدا دەستور کۆت و بەند بۆ موممارسەکردنی ئیرادەی زۆرینە دادەنێت، بەڵام دیموکراسیەتی نالیبراڵی ئەوەیە کەرێزگرتنی مافو ئازادیە تاکەکانی تێدانییە، هەندێ لەدیموکراسیە لیبراڵیەکان لەکاتە کتوپرەکاندا دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لەوکاتەدا ئەم رێکخراوە لیبراڵیە بکاتە کەمتر لیبراڵی کاتی، بەڵام ئەگەر ئەم دەسەڵاتە مایەوە، لای حکومەت، یان پەرلەمان یان راپرسی، ئەوا بەرەو سیستمی تر هەنگاو دەنێت.

## دیموكراسیەتی نالیبراڵی

سیستمێكە هەڵبژاردنی تێدا دەكرێتو زۆرینە حكومەت هەڵدەبژێرن، بەڵام پەیوەست نییە بەپێشێلنەكردنی ئازادی تاكەكانو كەمینەكان، لەوانەشە ئەمە بگەڕێتەوە بۆئەوەی كەبەندە دەستوورییەكان پشتیوانی لایەنە بەرپرسیارەكان و جێبەجێكارە هەڵبژێراوەكان نەكەن، یان لەوانەشە ئەم پێشیلكاریە هەر هەبێت، بۆ نموونە ئەزموونی هەندێ وڵاتی وەك یەكیەتی سۆڤیەتی پێشوو.

## دیموكراسیەتی سۆسیالستی

ئەمجۆرەیان وەرگیراوە لەبیری سۆسیالستیو شیوعی لەچوارچێوەیەكی پێشكەوتنی تەدریجیو دەستوری، زۆر لەحیزبە دیموكراسیە سۆسیالستەكان لەجیهاندا بوونەتە نەسیجێكی پێشكەوتوو لەحیزبە شۆڕشگێڕەكان كەلەڕێگەی جۆراوجۆرەوە گەیشتونەتە دەسەڵاتو لەڕێگەی گۆڕانی بەردەوام و كاركردن بۆ چاكسازی لیبراڵی، بووە هۆی گۆڕانی كۆمەڵایەتی قوڵ، كەوایە دیموكراسیەتی سۆسیالستی بەرەوپێشچوون، لەخۆدەگرێتو زۆر لەو حیزبانەی ناوی خۆیان ناوە دیموكراسی سۆسیالستی، داوای ڕەتكردنەوەی سەرمایەداری ناكەن، لەبری ئەمە داوای گەشەپێدانی دەكەن، بەگشتی سیما دیارەكانی دیموكراسی سۆسیالستی بریتین لە(ڕێكخستنی بازار، زەمانی كۆمەڵایەتی، ئەمەش بەدەوڵەتی ڕەفاهی دەناسرێ، خوێندنگەو خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان، لەلایەن حكومەتەوە دەستبەر كرابن، بوونی سیستمی گومرگی پێشكەوتوو، پارێزگاری ژینگە، هەمەجۆری ڕۆشنبیری .

## خراپەكانی دیموكراسی

هەندێ لەرەخنەگرانی دیموكراسی پێیانوایە لەبنچینەوە جیاوازی دەكرێت لەجێبەجێكردنی بڕیارەكاندا كە بەگشتیش بریتین لە:

1–ململانێی ئاینیو ڕەگەزی: دیموكراسی ، بەتایبەتی لیبراڵی، بەزەروری دەزانێت هەست بەبەهای هاوبەش لەنێوان ئەندامانی گەلدا بكرێت، چونكە بەپێچەوانەی ئەمەوە شەرعیەتی سیاسی نامێنێت، ئەمەش بەو واتایە كە گەل كوتلەیەكی سەربەخۆیەو بەهۆكاری مێژووی زۆر لەوڵاتان دەبنە یەك وڵاتی ڕۆشنبیریو ڕەگەزی بۆ دەوڵەتێكی نەتەوەیی، بۆیە جیاوازی نەتەوەیی، زمانی، ئاینی، ڕۆشنبیری قوڵ هەیە، لەبەرئەوە هەندێ گروپ دژی هەندێ گروپی ترن، بەڵام دیموكراسی دەبێت بەشداری جەماوەری بەرهەمهێنێت

لەدروستکردنی بڕیارەکاندا، جگە لەمەش پێویستە پرۆسەی سیاسی لەدژی دوژمن بەکاربهێنرێت.

2–بیرۆکراتی: یەکێك لەو ڕەخنە بەردەوامیەی کەئازادیخوازیەکان‌و پاشاکان لەدیموکراسی دەگرن بریتیە لەوەی کەبانگەشەی ئەوەدەکات کەتەشجیعی نوینەرە هەڵبژێراوەکان دەکات بۆگۆڕینی یاساکان‌و بەبێ ئەوەی پێویست بەمە بکات، ئەمەش لەهەندێ ڕووەوە زیانی هەیە، چونکە لەوانە یاسا نوێکان کەلەماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕاون، بەزەحمەت لەلایەن خەڵکی‌و پەیوەندیدارەکانەوە قبوڵبکرێت‌و پێوەی پەیوەست بن، ئەمەش وادەکات لەدواجاردا لەگەڵ ئەوەی داوای جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەکرێت، وادەکات بەخراپە لەسەر حکومەت بشکێتەوە، ئەم ئاڵۆزبوونە بەردەوامەش وادەکات، لەگەڵ یاسا سروشتیەکاندا دەژێتەوە.

3–تیۆری دەستنیشانکردنی گەلی: ئەم تیۆرە بەشێکە لەزانستی ئابوری‌و پەیوەستە بەلێکۆڵینەوەی ڕەوشتی‌و بڕیاردانی پاڵێوراوان‌و بەرپرسە حکومیەکان، بەوەی پاڵێوراو ئەو کاریگەیەی نییە لەسەر خەڵکی‌و جێبەجێکردنی بڕیارەکان‌و ڕاپەڕاندنی کارەکانی، ئەنجامەکەش دەبێتەهۆی فەرامۆشکردنی دۆزە سیاسیەکان‌و دواجاریش لەبەرژەوەندی کەسی پاڵێوراوان‌و زیانی کۆمەڵگە تەواو دەبێت.

4–حکومەتی دەوڵەمەندەکان: وایدەبینن ئەوانە هەڵدەبژێرن کەپلەوپایەیان هەیەو دۆستن، دواجاریش ئەم حکومەتە بەحکومەتی دەوڵەمەندەکان دەناسرێ، بەڵام لەئەسینای کۆندا هەندێ پلەو پۆستە باڵاکان بەشێوەیەکی لەخۆوە کۆمەڵێك کەسیان لەخەڵکی داناوە، بۆ ئەوەی لەم سیمای حکومەتەوە دەوڵەمەندیە دووربکەونەوە.

5–فەلسەفەی حوکمکردنی زۆرینە: یەکێك لەو ڕەخنە بڵاوانەی کەلەدیموکراسی دەگرن‌و مەترسیدارە بریتیە لە (زوڵمی زۆرینە)

## لایەنە باشەکانی دیموکراسی

1–جێگیربوونی سیاسی: دیموکراسی دەتوانێ سستمێك بۆ گەل دەستەبەر بکات، تاوەکو ئیدارەی گەل بکات، بەبێ گۆڕانکاری لەبنەما یاسایەکانی حوکم، جگەلەمەش ئەو ئارامیە دەروونیە بۆ هاوڵاتیان دەستەبەردەکات، کەهیچ حیزبێك ناتوانێت سیاسەتی خۆی بەردەوام بسەپێنێت‌و لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەرفەتی گۆڕینی دەسەڵات بەرهەمدێنێت، ئەم گۆڕانەش زۆر لەو گۆڕانەیە، باشە کەبەتوندوتیژی دێتەسەر حوکم.

2–دابەزینی ئاستی گەندەڵی: بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی بانکی نێودەوڵەتی، ئەو دەزگا سیاسیانەی کەگرنگن بۆ سنووردارکردنی گەندەڵی (دیموکراسی، سیستمی پەرلەمانی، جیگیربوونی سیاسی، ئازادی رۆژنامەگەری) هۆکاری سەرەکیو پەیوەستدارن بەنەمان، یان دابەزینی ئاستی گەندەڵی.

3–دابەزینی ئاستی توندوتیژی و تۆقین: بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەوە خراوەتەروو، توندوتیژی و تۆقین لەو وڵاتانەدا هەیە کەئاستی ئازادی مامناوەند، یان لاوازەو ئەوانەی کەمترین کێشەیان لەگەڵ توندڕەویو تۆقیندا هەبێت، وڵاتە دیموکراسیەکانن.

4–دابەزینی ئاستی هەژاریو گرانی: بەپێی ئامارەکان پەیوەندییەکی ئاڵووێری زۆر لەنێوان دیموکراسی و بەرزبوونەوەی کۆ ژمارەی بەرهەمی نەتەوەیی تاکەکانو زیادبوونی ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و دابەزینی رێژەی هەژاری هەیە، ئامارتیاسن دەڵێت(ئەگەر خەڵکی بەدەست گرانیەوە ناڵاندی، ئەوا دیموکراسی لەو وڵاتەدا بوونی نیە) بۆنموونە لەساڵی (1943) لەهندستانو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەبەریتانیا و لەساڵی (1943) لەبنگال بەهۆی شەڕی دووەمی جیهانیەوە. .

5–ئاشتی: لەوڵاتانی دیموکراسیدا ئاشتی سیمایەکی حکومەتەو لەناو ئەو وڵاتانەش کەشەڕی ناوخۆیی هەبووە، کەمترین کوشتنی لێکەوتوەتەوە لەلایەن حکومەتەوە لەچاو وڵاتانی تردا.

6–خۆشی: تاوەکو دیموکراسی بەربڵاو جێگیر بێت، ڕادەی خۆشەویستیو ئارامی لای گەل زیاد دەبێت.

**سەرچاوەکان:**


1- Appleby, Joyce, Liberalism and Republicanism in the Historical Imagination (1992)

2- Becker, Peter, Juergen Heideking and James A. Henretta, eds. Republicanism and Liberalism in America and the German States, 1750-1850. Cambridge University Press. 2002.

3- Benhabib, Seyla, ed., Democracy and Difference: Contesting the Boundaries of the Political (Princeton University Press, 1996)

4- Charles Blattberg, From Pluralist to Patriotic Politics: Putting Practice First, Oxford University Press, 2000, ch. 5. ISBN 0-19-829688-6

5- Birch, Anthony H., The Concepts and Theories of Modern Democracy, (London: Routledge, 1993)

6- Castiglione, Dario. "Republicanism and its Legacy," European Journal of Political Theory (2005) v 4 #4 pp 453-65.online version

7- Copp, David, Jean Hampton, and John E. Roemer, eds. The Idea of Democracy Cambridge University Press (1993)

8- Caputo, Nicholas America's Bible of Democracy, SterlingHouse Publisher, Inc. (ISBN 1-58501-092-8)

9- Dahl, Robert A. Democracy and its Critics, Yale University Press (1989)

10- Dahl, Robert A. On Democracy Yale University Press (2000)